# نمونە گەلێکی پەرستراوەکان لە بڕوای ئایینی عێراقیە دێرینەکان و هاوتاکانیان لە جیهانی دەوربەر

د.محمد امين علی زانکۆی ڕاپەرین- کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی مێژوو

د.حلمی رسول رضا زانکۆی ڕاپەرین- کۆلیژی زانستە مرۆڤایەتیەکان- بەشی مێژوو

**پێشەکی :**

ئاین بەسروشت و پێگەکەی لەژیانی گەلان و ڕۆڵی پەرستراوەکان لەسەر چۆنیەتی بیرکردنەوەی تاکەکان و، ئاڕاستە کردنی ڕەفتاریان بە دریژایی مێژوو و کاریگەری و شوێنی لەکایە جیاجیاکانی ژیاندا، پانتاییەکی گەورەی لە مێژووی مرۆڤایەتی دا داگیر کردووە، بۆیە لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنە جیاجیاکانی ئاینی هەر گەلێک لە لێکۆڵینەوەی مێژووی ئەو گەلە و زانینی ئاستی وشیاری تاکەکانیدا بایەخێکی گرنگی هەیە.

لەڕوانگەی ئەوەی سەرەوەو بۆ زانینی ئاستی نزیکی بیرکردنەوەی ئایینیانەی خەڵک لەمێژووی گەلانی کۆن و، ئەرکی پەرستراوەکان لەزەینی تاکەکانی ئەو گەلانە دا، (نمونەگەلێکی پەرستراوەکان لە بڕوای ئاینی عێڕاقیە دێرینەکان و هاوتاکانیان لە جیهانی دەورو بەر)، وەک ناونیشان بۆ ئەو توێژینەوەیە بە پەسند زانرا و، لەمیانەیدا سروشتی چەند پەرستراوێک وەک نمونە و چەند بابەتێکی تری جۆراوجۆر، بەپشت بەستن بە میتۆدی هەمەجۆری گونجاو لەگەڵ بابەتەکان ، کراونەتە بابەتی هەڵوەستە لەسەرکردن.

توێژینەوەکە جگە لەپێشەکی ودەرەنجام ولیستی سەرچاوەکان و، پوختەی بابەتەکە بەهەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی و دەروازەیەک بۆ چوونە ناوبابەتەکە، بۆ شەش تەوەری تەرخانکراو بۆ نمونەی دیاردە بەخواکراوەکان و تەوەرێکی تایبەتکراویش بە چەند بابەتێکی تری هەمەجۆری پەیوەست بەبابەتەکە، دابەشکراوە.

**کلیلە وشە :** ئایین، بیروباوەڕ، ئەفسانە، پەرستراو، قوربانی، خودا، خوابانوو، ڕێ و ڕەسم.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## دەستپێک:

لەبەرئەوەی بیروباوەڕ و پەرستش و رێ و رەسمی ئاینیی پانتاییەکی گرنگ و گەورەیان لە ژیانی گەلانی کۆندا داگیرکردوەو شوێنکاری روون و دیاریان بەسەر رەوشی شارستانییانەوە بەجێ هێشتوە، رەنگە هەڵە نەبێت ئەگەر بوترێت لایەنی ئایینی لە گرنگترین هۆکارە کاریگەرەکانی سەرهەڵدانی شارستانیەتی ئەو میللەتانە بوەو، بەشداری کردوە لە دیاریکردنی چوارچێوەی داب و نەریت و یاساو رێساکانی ژیانی رۆژانەیان و، لەسەر کایەکانی ئابوری و هونەری و ئەدەبیاندا کاریگەری داناوە (باقر وآخرون، 1980: 5)، و لە رەوتی ژیان و شێوازی پەرەسەندنی شارستانیاندا هۆکاری کاریگەر بوەو، بۆتە پاشخان بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و هونەری و تەنانەت سیاسەتیان، و کەم وا هەیە کارێک مرۆڤی کۆن پێی هەڵسا بێت یان شوێنەوارێکیان جێهێشتبێ کاریگەری ئایینی بەسەرەوە نەبوبێت (عزیب، 2008: 18).

بۆیە لێکۆڵینەوە لە ئاین بۆ ئاشنا بوون بە مێژوو و شارستانیەتی هەر گەلێک گرنگی زۆری هەیە و زانراویشە کە سەرهەڵدانی یەکەمین بیروباوەڕی ئایینی دیرۆکێکی لە مێژینەی هەیەو هەندێک بۆ پێش نزیکەی نەوەد هەزار ساڵ بەر لە ئێستای دەگێرنەوە (رشید، 1985: 184)، و هەیشە پێی وایە بە ئەندازەی کۆنیی خودی مرۆڤ کۆنەو بۆ سەردەمانێکی زۆر دووری چاخەکانی بەر لە داهێنانی نوسین دەگەڕێتەوە (باقر وآخرون، 1980: 5).

بە گوێرەی دەقە مێخیە دۆزراوەکانی نشینگەو شوێنەوارە دێرینەکانی پەیوەست بە بیروباوەڕی ئایینییش، کە لای هەندێک وەک بەڵگەی روون بۆ هەبونی کۆنترین بیروباوەڕی ئایینی لە چاخە مێژووییە سەرەتاییەکاندا لەبەرچاو گیراوە، دەردەکەوێت کە ئەو بیروباوەڕانە لە رووی رێکخستنی نەریت و رێ و رەسم و سروتەکانیانەوە قۆناغی دورودرێژیان بڕیوەو ریشەشیان –وەک پێشو تر باسکرا– دەگەڕێتەوە بۆ چاخەکانی بەر لەداهێنانی نوسین و، لەبەرئەوەشە کە دەرفەتی تۆمارکردنیان بۆ نەرەخساوە، بێگومان توێژینەوەش سەبارەت بەو سەردەمە ئاسان نییە، لەهەمان کاتدا سەرچاوەکانی زانیاری لە بارەیانەوە جگە لە پاشماوەکانی وەک پەیکەرو هەڵکۆڵدراو و وێنەی سەر بەرد و دیواری شوێنی حەوانەوەو ئامرازو ئامێرەکانی رایی کردنی ژیانی رۆژانەو شوێنی پەرستش و شێوەی ناشتنی جەستەی مردوەکان و شێوەی ئەندازەیی گۆڕەکان هیچی تر نیە، لەبەرئەوەی هەر ئەو جێماوە بەردەستانەش کە لە دۆزینەوەی لایەنە جیاجیاکانی ئەو بیروباوەڕانەدا بەشدارن و لە رێیانەوە هەوڵی راڤەکردن و تێگەیشتنی دیاردە سروشتیەکانی دەوروبەر دراوە ( الماجدي، 1997: 13)، بۆیە باشترین رێگەی بە سوود بۆ توێژنەوە دەربارەی ئەو سەردەمە بەراوردکردنیانە بە نمونەکانی دوای ئەو سەردەمە، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە چاخەکانی دوای داهێنانی نوسین (دەوروبەری 3500 پ.ز) بەردەوامییان پێداوە، لێرەشەوە کۆڵنەدان و بۆچونی تاکەکەسی رۆڵێکی کاریگەر دەبینێت لە راڤەکردنیاندا، ئەمەش هۆکاری سەرەکیە لە زۆری و ناکۆکی بۆچونەکان دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و گەشەکردنی ئەو بیروباوەڕە ئاینیانە (حبیب، دون تاریخ: 9).

لەبەراوردکردنی ئەو توێژنەوانەی دەربارەی ئاینە دێرینەکان ئەنجامدراون دەردەکەوێت لە نێوانیاندا رەگەزی جیاواز و لێکچووی زۆر هەیە، بەڵام بە وردبونەوە لە بیروباوەڕەکان دەردەکەوێت رەگەزە لێکچوەکان زیاترن، ئەمەش بەبڕوای هەندێک لەبەرئەوەیە بیرۆکەکان لە یەک ناوەندی ئایینیەوە پەیدا بوون یان ناوەندی لێوە سەرهەڵدانی هزرەکان ژینگەو دۆخی هاوشێوەیان هەبوە، بەتایبەتیش کە دەوترێ سروشتی زۆر سارد یان زۆر گەرم و ئەو گۆڕانکاریانەی لە کەش و هەوادا رویانداوە وای کردوە ژیانی کۆمەڵایەتی پڕ بێت لە جۆرەها مەترسی،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پاشان کەمتوانایی ئاوەزو سادەیی مرۆڤی کۆنیش لە راڤەکردن و لێکدانەوەی ئەو گۆڕانکاریانەی سروشت و رووداوە لێبەرهەم هاتوەکانی دۆخێکی وای هێناوەتە ئاراوە کە ببێتە هەوێنی سەرهەڵدانی ریشەیی بیری ئایینی ( شلحت، 2003: 175).

سەرچاوەی تریش هەیە پێی وایە دەرەنجامی کنەو پشکنینی شوێنەوارناسی لە شوێنە جیاجیاکانی جیهان ئەوەی روون کردۆتەوە کە گەشەکردنی بیروباوەڕی ئایینی و پیادەکردنەکانیان لە چوارچێوەیەکی فراوان و لە نێو خەڵکی ناوچە جیاجیاکانی ئەو سەردەمە کۆنانە، کە بەرەنجامی کارلێک و بەریەککەوتنی مرۆڤ لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری بوە، بەهۆی جەنگ و کۆچ و رەو یان بازرگانی کردنەوە بۆ ناوچەکانی تر تەشەنەی سەندوە (نصار، 2005: 5). بەڵام ناشێ ئەوە نادیدە بگیرێ جگە لەوانەی باسکران دەشێ وا رێبکەوێ خەڵکی با لە ناوچەی جیاجیاو دور لەیەکتربن و بەریەککەوتنیشیان نەبێت، بەڵام بگەنە یەک ئاستی زانین و لە ئەنجامیشدا هەمان جۆر بیرکردنەوەیان هەبێت. لە زمانی جۆن باتیستا ڤیگۆ (1667–1744 ز)ی ئیتالیشەوە وتراوە؛ هەڵەیە بڕوا وا بێت ئەگەر دوو گەل (بیر) یان (سیستەم)ی هاوشێوەیان هەبێت هەردەبێ یەکیان لەوی تریان وەرگرتبێ، چونکە ئەوە وەک نکوڵی کردن لە توانستی ئاوەزی مرۆیی بۆ داهێنانی رەسەنایەتی لێکدەداتەوە، لەکاتێکدا ئەو ئاوەزە دەکرێ بیری نوێ بدۆزێتەوەو دابهێنێت بەبێ فێر بوون لە رێی وەرگرتن لە خەڵکی ترەوە (الملاح وآخرون، 1988: 194).

لە نێو هەموو بیروباوەڕە ئاینیەکاندا هەرچەندە لێکچوون یان جیاوازی هەبێت، بەگشتی مەزەندەی هێزێک یان هێزگەلێک کراوە لە گەردوندا کە مرۆڤ بڕیاری خودایی بونیان بۆ داون و، بەردەوام لە رێی پەرستش و رێ و رەسمی دیاری کراوەوە لە شوێنی تایبەت هەوڵی لێنزیک بونەوەیان داوە. ئەوەش وەک بنەمای سەرەکی لە ئەنجامی ترس لە دیاردەی مردن و سەرسوڕمان لە خەوبینین و ئاکامی رووداوە مەترسیدارو وێرانکەرەکان پەیدابوە، کە لە پشتیانەوە مەزەندەی بوونی هێزی لە سروشت بەدەر (الخارق) کراوە، و لە پێناو بەدەستهێنانی رەزامەندیشیاندا هەوڵی لێ نیزک بونەوەیان داوەو پەرستویانن، ئامانج لەو کارەش راکێشانی سەرەنجیان بوە تا بەهۆیەوە خۆشەویستی ئەوانیان دەست بکەوێت، لە هەمان کاتدا لە توڕەیی و رقلێبونەوەیان پارێزراو بن و ترسی ئازاردان و لە دەستدانی ژیان و لەناوچونی ئەوەی لێی بەهرەمەندن نەمێنێ و پاشان سوپاسگوزاری دەربڕن لەسەر ئەوەی پێیان رەوا بینراوە، ئەوەشیان بۆ فەراهەم بێت کە خوازیاری بەهرەمەند بون لێی (الهاشمي،1963: 153).

تێبینی ئەوەش دەکرێت پەرستراوەکان بەپێی کات و بەگوێرەی پرسیارو پێداویستی رۆژگار، لەگەڵ گەشەکردنی ئاستی بیرو ئاوەزو توانستی خۆگونجاندنی لەگەڵ ژینگەی تێدا گوزەرانیدا گۆڕانی بەسەردا هاتوە و ئەو مەترسیانەی لەو ماوەیەدا پێش هاتون بەرە بەرەو بەگوێرەی زۆرترین بەرکەوتن و کاریگەری لەسەر رەوتی ژیانی رۆژانەی ژیانی مرۆڤەکان دەرکەوتون.

لە لێکۆڵینەوەی جێماوەی شوێنەواریەکان دەردەکەوێت مرۆڤی کۆن هەندێک بیرو رێ و رەسمی جادوی ئاینییان زانیوە و ئەنجامداوە، پێیان وابوە ئەو رێکارانە کاریگەری ئەرێنیان بەسەر ژیانی رۆژانەیانەوە هەیە، بەتایبەتیش وەک وتراوە مرۆڤ هەر لەسەردەمە زۆر کۆنەکانەوە تێبینی ئەوەی کردوە سروشت بە سەوزایی خاکەکەی و ئاوی لە رادەبەدەر و بێ شوماری ئاژەڵەکانیەوە زۆرجار روبەروی گۆرانکاری دەبێتەوە، لە هەمان کاتدا دۆخی وشک بوونی سەرچاوەی ئاوو نەمانی گژوکیاو دیارنەمانی ئاژەڵەکان و، هەندێک جار تا ئەو ئاستە رۆیشتوە کە مرۆڤ بوونی کەتۆتە مەترسیەوە و بەزەحمەت توانیویەتی بژێوی زیندومانەوەی پەیدا بکات، ئەوەش


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بۆ مرۆڤ؛ بەتایبەتیش لەسەردەمی پێش دۆزینەوەی کشتوکاڵ و ئەو سەردەمەی بە چاخی ڕاوکردن و کۆکردنەوەی بژێوی ناسراوە و، لە ڕێی ڕاوکردن و گەڵا و ڕەگ و بەری دارو درەخت بەردەوامی بە ژیانی دەدا، پڕ مەترسی بوو (الدباغ، 1985: 124)، و بە پێی قۆناغەکانی پەرەسەندنی ئاوەزیشی وای بۆ دەچوو، کە ڕامکردنی هەندێک لە دیاردە سروشتیە چاکەکان (الصالحە) دەستەمۆ بکات و لە ڕێیەوە خۆی لە ئاکامە نەرێیەکانی ئەو گۆڕانکاریانەی دیاردە سروشتیەکان بپارێزێ، ئەوەش سەرەتای بروا بوونە بە هێزی جادوو، کە لەسەر بنەماو بڕوای لێکچوون و لاسایی کردنەوە (التشبیە المحاکاة) وەستاوە، و مرۆڤ بڕوای وابوو لە توانایدا هەیە لە ڕێی ئەوانەوە (لێکچواندن و لاسایی کردنەوە) داهێنان و گۆڕانکاری لە سروشتی دیاردەکان بکات بۆ ئەو مەبەستەش؛ لە میانی بە ئامانج گرتنی شتێک یان دیاردەیەکی سروشتی جێ مەبەست بۆ نمونە؛ وەک دابارین و زۆر بوونی ئاژەڵ و پرۆسەیەکی ڕاوکردنی سەرکەوتوو، بە ئەنجامدانی سەماو جموجول و هەڵس و کەوت و ڕووخساری خۆ گۆڕین و ڕێ و شوێنی تری جۆراوجۆر هەڵدەستان، بونی وێنەی جۆراوجۆری ئاژەڵ و باڵندەو ماسی لەسەر دیوار و بنمیچی شوێنی تێداحەوانەوەی حەوانەوەی مرۆڤی چاخی بەردینی کۆن لەناوچەی جیاجیای جیهان، کە مرۆڤ ڕاوی کردوون و بۆ خواردن پشتی پێیان بەستوە؛ بەڵگەیە لەسەر بوونی ئەو جۆرە لە بڕوای جادویی ئایینی و مرۆڤی ئەو سەردەمە پێی وابوە بە کێشانی وێنەی ئەو ئاژەڵەی دەخوازێ ڕاوی بکات ئاژەڵە ڕاستەقینەکە ڕاو دەکات، ئەوەش لەسەر بنەمای بڕوابوون بەوەی (زاڵبون بەسەر وێنە زاڵبون بەسەر ڕاستەقینەدا مسۆگەر دەکات) بەدیهاتوە (بوتیرو، 1990: 208).

مرۆڤی کۆن بڕوای وابوو خواوەندەکەی لە ئاسمان یاخود لە قوڵایی ئاودا، یان جیهانی ژێرەوەی زەوی جێگیرە، بەڵام بتی بۆ دروست کرد بۆ ئەوەی لە پەرستگاکانی سەر زەویدا بەرجەستەی بکات (موسی، 1996: 160). ، پەرستگاش بریتی بوو لە خانووی پیرۆز کە خواوەندی تێدا نیشتەجێ دەبێت لەکاتی ئامادەبوونی هێماییدا لەسەر زەوی بۆ ئەوەی بە گوێرەی ڕێ و ڕەسم و نەریتی تایبەت خەڵکی قوربانی پێشکەش بکەن و، لێی بپاڕێنەوەو نوێژی بۆ ئەنجام بدەن ، ئەمەش پیاوانی ئایینی تایبەت ڕێکیان دەخست بە گوێرەی ڕێنماییگەلی دانراو بەناوی خواوەندەوە (سلیمان، 1983: 214).

لەمیانەی ئەو توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوەهەڵوەستە لەسەر هەندێک دیاردە بکرێت، کە لە عێراق و زۆر شوێنی تری جیهانی کۆن بە پیرۆز زانراون و بڕیاری بەخوابوونی ئەوهێزانەش دراوە، کە لەپشت دەرکەوتن و دەرنەکەوتن و ئاڕاستەبوون و ئەو ئاکامانەشن کە لێیان دەکەوتنەوە ، وەک وتراویشە هەموویان لەسەر شێوەی خواوەند بەجەستەکرابوون (تجسید) و، وەک مرۆڤیش لەچوارچێوەی ڕەگەزی نێر و مێ وێناکراون (بوتیرو، 1990: 208). لێرەدا بە باش زانراوە کە ئەو پەرستراوانەی بۆ لێتوێژینەوە کراونەتە جێی مەبەست بەم شێوەی خوارەو ڕیز بەند بکرێن:

## یەکەم : بۆشایی ئاسمان و کەش و هەوا

بۆشایی ئاسمان و کەش و هەوا لەپێشەوەی ئەو دیاردانە دێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەرژیانی کشتوکاڵی هەبووە لەبیروباوەڕی ئاینی دێریندا و، چۆتە بواری پەرستن و پەرستشی بۆ کراوە، دانیشتوانی عێراقی دێرین و سەرەتاش لەسەردەمی سۆمەریەکان خواوەندێکیان بەناوی (ئینلیل Enlil) بۆ بڕیار داوەو پەرستویانە و،


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

وایان داناوە کە ئەم خواوەندە دەسەڵاتی بەسەر کەشدا هەیەو باوبۆران دەجولێنێ و باران دادەبارێنێ (سعفان، 1999: 30)، ڕووداوی (لافاو) کە لە ئەفسانە سۆمەریەکان و کتێبە پیرۆزەکانیشدا باسی لێوە کراوە بۆ ئەوی دەگەڕێننەوە و سۆمەریەکانیش پەرستگایەکیان لە شاری نەفەر (نیپوری کۆن) بۆ دروست کردبوو، پاشان پەرستنەکەی لە شارەکانی تری عێراقی کۆندا بڵاوبوەو ناوبانگی بە توندوتیژو سزادانی زاڵمەکان دەرکردبوو (Oelsner,1986:106). ئەم خواوەندە هاوژینێکی هەبوە بەناوی (نینلیل Ninlil) و کوڕێکیشیان بەناوی (نینورتا Ninurta)، ئەم کورە توندوتیژیەکەی باوکی بە میرات وەرگرتبوو، پاشان بوە خوای جەنگ لە شاری (لەگەش Lagash) و نازناوی (نەنگیرسۆ Ningirsu)ی پێدراو، ئاشوریەکان لە جەنگدا پەنایان بۆ دەبرد بەمەبەستی یارمەتی دانیان لە سەرکەوتن بەسەر دوژمناندا ( ساكز، 1979: 392).

ئینلیل لەعێڕاقی دێرین خواوەندی بۆشایی (الفضاء) ی ئاسمان و باڵا دەست بەسەر بۆشایی نێوان ئاسمان و زەوی و ، هێزە سروشتی یەکانی گەردەلول و لافاوە و، وەک خواوەندێکی بەهێز و توندو تیژ (الجبار والصارم) وێناکراوە و، هەر ئەویشە پادشاکان دەخاتە سەر تەختی پادشایەتی، و لەسەردەمی ئەکەدیەکانیش پەرستنی بەدەوام بووە ، بەڵام لە(1750 پ.ز) یەوە (مەردۆخ Mardukh)ی پەرستراوی هەرە باڵای بابلی و خواوەندی هەسارەی موشتەری تایبەتمەندیەکانی لەخۆ گرتووە و، شایانی باسە لەعێڕاقی دێرین دا هاوکات لەگەڵ ئەو پەرستراوەدا خواوەندێکی سەرەکی تریش بەناوی (ئەدد Adad ) وەک خواوەندی کەش (الطقس) یان خواوەندی هەورە بروسکەو هەوا (الجو) و لافاو، پەرستراوە (قابلو، و سمیر، 2007–2008: 153).

ئاموریەکانیش خودای کەش و بارانیان بەناوی (ئەدەد)، (رەممانو Rammaun)، (بەعل Baal) پەرستوەو، لە هەڵکەندراوەکانیاندا (بەعل) بەبەردەوامی لەگەڵ وێنەی گا و هەورەتریشقەدا هاتووە (لابات، وآخرون. 2006: 425). بەهەمان شێوە (کەنعانیەکان) زۆربەی بیروباوەڕەکانیان لە ئاموریەکانەوە وەرگرتوە، لەناو ئەوانەشدا رێ و رەسم و نەریتی تایبەت بە پەرستنی خواوەند (ئەدەد و بەعل) ولەگەڵ ئەوەشدا ناوێکی تریان بۆ زیاد کردبوو بەناوی (ئیل El) (الماجدي\1، 1999: 41). بڕوایان وابوو کە ئەم خواوەندە هاوژینێکی هەیە و، لە (ئۆگاریتی باکوری سوریا) بەناوی (ئاشیرە Ashrah) دەناسرێت، بۆیە وێنەیان بۆ خۆی و هاوژینەکەی کێشا و جەژنی تایبەتیان بۆ دانا بۆ ئەوەی قوربانییان پێشکەش بکەن (الماجدي، 2001: 73).

پاشان (ئارامیەکان) بەناوەکانی (ئەدەد و ریممون Rimmon) بەمانای (خاوەنی بروسکە) خواوەندێکیان بڕیارداوەو، لە هەڵکەندراوەکانیاندا وێنەیان بۆ کێشاوە کە لەسەر شانی (گا)یەک راوەستابوو، لە هەندێ کاتی تردا رمێکی سێ دەمی بە دەستەوەیە کە هێما بۆ بروسکە دەکات، ئەم پەرستراوە پەرستنەکەی لە نێوان مەڵبەندە کشتوکاڵیەکاندا پەرەی سەند و پەرستگایان بۆ لە شاری (مەنبەج) و زۆر شوێنی تریش دروست کرد، لە شارە ئارامیەکاندا جگە لەم خواوەندە هاوژینەکەشی بەناوی (ئەتارگاتیس Atargatis) دەپەرسترا، وێنەکەشی لەسەر نەخشی دراوە ئارامیەکاندا دەبینرێ، کە تاجێکی لەسەرەو لە شێوەی خواوەند (عەشتارAshtar) و شێرێکی لەتەکدایە، جگە لەم خواوەندانەش کۆمەڵەی خواوەندانی ئارامی (بەعل Baal)، (ئیل Eil)، (علیان بەعەل Alyan Baal) و (بەعەل شەمین Baal Shamin) ی دەگرتەوە (عباینة، 1994: 107)، بەعەل شەمین ناوی لە نوسینەکانی شاری (حضر) دا هاتوەو پەرستگای تایبەتی بۆ بنیاد نراوە (الماجدي، 1999\1: 113).

لەدواییدا پەرەستنی هەردوو خواوەندی مێردو هاوژینی پیرۆز (ئینلیل وننلیل) لە میسوپۆتامیاوە گواسترایەوە بۆلای (حیسیەکان) لە ئەنادۆڵ، بەناوی خواوەند (تیشوپ Tishop) و هاوژینەکەشی بەناوی (خیپات Khipat) و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

کورەکەشیان بەناوی (شاروما Sharuma) پەرستراون (باقر، 1986: 81)، ئەم گواستنەوەیەش لە ڕێگەی (حوریەکان)ەوە بوو، بەڵام پەرستنەکەی تەنها لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەواندا مایەوە، بۆیە لەناو شانشینی حیسیدا و تەنانەت لە ناو پەیکەری خواوەندەکانیانیشدا سیفەتی فەرمی وەرنەگرت (فیلهلم، 2000: 100).

لەچاخی هیللنستیدا (323-31 پ.ز) واتە لە سەرەتای داگیرکاری ئەسکەندەری گەورە بۆ ڕۆژهەڵات تاوەکو دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی لە ساڵی ( 30 پ.ز) پەرستنی خواوەند (بەعل) لە شاری (بەعلەبەک) تێکەڵ بەخواوەندی (خۆر) بوو، پەریکەریشی لەسەر بنەمای کۆکردنەوەی تایبەتمەندی هەردوو خواوەند بۆ دروست کرا، کە تیایدا بە هێما کۆنەکانەوە دەردەکەوت، لە وێنەکەدا لە نێوان دوو (گا) دایە بەدەستی ڕاستی گەرمایی بروسکەی پێیەو لە دەستی چەپیدا قەمچیەک هەیە کە بەکاری دەهێنێ بۆ لێخوڕینی گالیسکەکەی، جگە لەوەی تیشکی خۆری بۆ زیاد کراوە بەمەبەستی ڕازاندنەوەی سەری، هەندێ جار ئەم تیشکە بە گوڵە جۆ گۆردراوە، ئەمەش بەڵگەی گرنگیەتی لە ژیانی کشتوکاڵیدا (الدباغ، 1992: 247).

پاشان تێبینی ئەوە دەکرێت پەرستنی خوداوەندی کەش و باران گواسترابێتەوە بۆ وڵاتی یۆنان، چونکە گریکەکانیش بڕوایان وابوو (زیۆس Zeus) خودای گەردونەو، هەڵدەستێ بە کۆکردنەوەی هەورەکان و، ئاراستەی با دەگۆڕێت و هەورە بروسکە دروست دەکات، پاشان باران دادەبارێنێ بۆ ئاودانی کێڵگەو بێستانەکان، لەکاتی قات و قڕی و برسێتیشدا قوربانییان لە ڕەگەزی (مرۆڤ) کردوە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، ئەوەی تێبینی دەکرێت قوربانیدان بە مرۆڤ لە میسوپۆتامیا و وڵاتانی تری جەزیری پێشکەش نەکراوە لەم جۆرە دۆخانەدا، دیارە خواوەند (زیۆس) لە بیروباوەڕی گریکەکاندا لە لوتکەی چیاکاندا نیشتەجێیە بەتایبەت لە لوتکەی چیاکانی (ئۆلۆمپیا Olympia)، هەر لەبەرئەوەش بوە یارییە وەرزشیەکان لە (ئۆلۆمپیا)دا ئەنجام دراوە لەسەر شەرەفی ئەو شوێنەو پاکێتیەکەی.. گریکەکان پەرستگایان لەسەر چیاکانی ناوچە گرنگەکان بۆ دروست کردوە، ئەمەش بەهۆی ناچونیەکی بۆچونەکانیان لەسەر شوێنی لە دایک بوونی، لە گرنگترین ئەو پەرستگایانەی کە بنیاتیان نابوو بریتی بوو لە پەرستگای ئولمپیاس، ئەرکادیا، بواتیا، سیتا و ئەجینا، شایەنی باسە خواوەند (ژوپیتەر Jupiter)ی ڕۆمانەکانیش هەر هەمان خواوەند (زیۆس) ی گریکەکانە، چونکە ئەویش خوای ئاسمان و بروسکە و بارانە، لەبەرئەوە جوتیارەکان لە کێڵگەکانیاندا ئاهەنگی تایبەتییان بۆ ئەنجام داوەو قوربانییان پێشکەش کردوە، چونکە کێڵگە کشتوکاڵیەکان و لەوەڕگاکانیانی تێر ئاو کردوەو یاریە وەرزشیەکانی ڕۆمان لەسەر شەرەفی ئەو ئەنجامدراوە (عبو و محمد، 1993: 182).

لە جیهانی نوێشدا گەلی (مایا) لە ئەمەریکای ناوەڕاست و بەتایبەتی وڵاتی (مەکسیک) خودای بارانیان پەرستوە بەناوی (یوم کاش Yum Kaax)، لە بۆچونی ئەواندا ئەم خواوەندە لە ژێرەوەی (بیری ئیتزایە) لە شاری (شیشین-ئیتزا) لە هەرێمی (یوکتان)، لەکاتی نەبارینی باران و هاتنی برسێتی و قاتی قڕی و وشک بونەوەی ڕووەکدا، پیاوانی ئاینی دەڵێن: خودای باران توڕەیەو لەسەر خەڵکی پێویستە کە ڕەزامەندی بەدەست بهێنن، بۆیە دەبێ کچێکی جوان و پاکیزە بکەنە دیاری و بە جل و بەرگی قەشەنگ و خشل و زێرو زیوی بەنرخ بیڕازێننەوەو، بیخەنە بیرەکەوە و بۆ ئەوەی لە باوەشیدا جێگیر ببێت، ئەگەر ڕەزامەندی ئەو بەدەست بهێنرێت ئەوا باران دەنێرێت بۆ خەڵکەکەی خۆی (الدباغ، 1992: 248).

لە کۆتاییدا دەکرێ بوترێ کە مرۆڤ بە بارتەقای ڕووبەڕووبونەوەی لەگەڵ ئەوەی لە دەوروبەریدا دەگوزەرێ و بە گوێرەی ئەوەش کە کاریگەری لەسەری هەیە و، ئایندەی چارەنوسی خۆی تێدا بە دی کردوە


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هەڵوێستی نواندوە، لەبەرئەوەش کە بۆشایی ئاسمان و کەش و هەوا وەک یەکەمین دیاردە بەردەوام بەریەککەوتنی لەگەڵدا هەبوە و هیواخواستن و ترس لە لێکەوتە ئەرێنی و نەرێنیەکانی لەسەر ژیان و بەردەوام مانەوەی، ئەوەی لێی بەهەرەمەند بوە و بەردەوام لە زەینیندا ئامادەیی هەبوەو دەستەوەستانیشی لە تواناشکانی بەکردەوە بۆ گۆڕینی ئەو لێکەوتە بەگوێرەی ئەوەی لە خواستیدا بە ئامانج گیراوە، سەرەنجی بۆ بڕیاری پەرستنیان ئاراستە کردوەو لە پێشەوەی ئەو خواوەندو پەرستراوانەش هەژماری کردون کە لە ریزبەندی کاریگەریدا شوێنی لە پێشیان هەبوە.

## دووەم: دیاردەی بەپیتی و بێ پیتی خاک و کەم و زۆری بەرهەم و وشکبوون و بوژانەوی ڕوپۆشی زەوی:

ئەم دیاردەیەش لایەنێکی ترە لە رواڵەتە سروشتیەکان کە جێگای گرنگی پێدانی پەرستنە کۆنەکان بوو، دوو دیوەکەی ئەم هێزەی کە لەپشتییشی بووە، لە خودای نێرو خوابانوی هاوژینیدا بەرجەستەکرابوو، ئەم دوو هاوژینە لە وەرزی وشکە ساڵیدا لەیەکتر جیا دەبوونەوەو لە وەرزی گەشەکردندا یەکیان دەگرتەوە، کۆنترین پەرستنی ئەو دووانەش لەعێراقی کۆن و لەلای سۆمەریەکان سەری هەڵداوەو، مەزەندە دەکرێ پێش ئەوانیش ئامادەیی هەبووبێ، لای ئەوان خوای داچاندن (دموزی Damuzi) لە وەرزی بەهاردا دەژیایەوە، لەگەڵیشیدا زەوی بەگژوگیا رووەکەکان سەوز دەبوو، پاشان لە وەرزی هاویندا دەمرد و، هاوکات گژوگیاو رووەکەکانیش لە سەوزی دەکەوتن و، گیان(روح)ی خودا رۆدەچوە جیهانی ژێرەوە، بەمەش هاوژینەکەی خوابانوو (ئینانا Inanna) دلتەنگ دەبوو، سۆمەریەکان لە شاری ئایسن (پاشماوەو شوێنەوارەکەی دەکەوێتە پارێزگای زی قار لە باشوری عێراق) و لە یەکەم رۆژی ساڵی نوێدا بە بۆنەی هاوسەرگیری نێوانیان ئاهەنگیان بەرپا کردوە، لەم ئاهەنگ و جەژنەدا پاشای شار (ئایدین داکان) کەوەک وێنەنوێن (نمایندە)ی خودا (دموزی) وێناکراوە، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی خزمەتکاری پەرستگادا ئەنجامداوە کە بە وێنە نوێنی خوابانوو (ئینانا) نیشان دەدرا، بەم هاوسەرگیریە پیرۆزەش لە وەرزی بەهاردا، دووپاتی بە پیتی زەوی و زۆر بوونی بەرهەمی کشتوکاڵی کراوەتەوە (میشائیل، 2012: 13)، وخەڵکیش لە کاتی رۆچونی گیانی خودای کشتوکاڵ بۆ جیهانی ژێرەوە بەشداری خەم و خەفەتی هاوژینەکەیان کردوە، لەسەرەتای وەرزی بەهاریشدا خوابانوو بەرەو جیهانی ژێرەوە رۆیشتوە بۆ سۆراغ کردنی، و بۆ زیندوبونەوەو دووبارە گەڕانەوەی بۆ ژیان، رێ و ڕسمی ئاینی بەرپارکردوە، کاتێکیش (دموزی) لە وەرزی بەهاردا زیندوو بۆتەوە و، سەرکەتۆتەوە بۆ جیهانی سەرەوە لەگەڵیدا گیانی کشتوکاڵ و داچاندن و سەوزایش بەهەمان شێوە زیندو بونەتەوە و رووەکەکانیش گەشەیان کردوەو، بەوبۆنەیەشەوە لە مانگی نیساندا ئاهەنگی مەزن سازکراوەو ، بەمەش سەرەتای ساڵی نوێ دەستی پێکردۆتەوە (القطبي: 2000: 226).

کاتێکیش (جەزیریەکان = سامیەکان) بەرەو میسوپۆتامیا هاتن ئەم بیروباوەڕەی سۆمەریەکانیاین وەرگرت، و ناوی خواوەند (دموزی) یان گۆڕی بۆ (تەموز) و ناوی خوابانوو (ئینانا) شیان بە (عشتار Ishtar) ناودێر کرد، لەدوای ئەوەش کاتێک لە سەردەمی حامورابی (1792–1750 پ.ز) دا بابل بوە گرنگترین ناوەندی سیاسی لە میسوپۆتامیادا خودا (مەردۆخ) جێگای (تەموز)ی گرتەوەو بابلیەکان لە پەرستگایاکی تایبەتدا بەناوی (ماڵی ئەکیتۆ Akito house) دا ئاهەنگی جەژنی سەری ساڵی نوییان بۆ گێڕاوە، ئەم ئاهەنگە بۆ ماوەی یازدە رۆژ بەردەوام بوە، بە پاکژ کردنەوەی پەرستگەو خوێندنەوەی وێرد دەستی پێدەکرد، لە رۆژی پێنجەمدا خەڵکی دلتەنگ و خەمبار دەبوون بۆ خودای مردوو و لەناو شاردا بە ڕاکردن بەدویدا دەگەڕان (Lenzen, 1956: 35-36)، لە رۆژی حەوتەمدا خودا (مەردۆخ) لە چیای جیهانی ژێرەوە زیندو دەبێتەوە و، لە رۆژی نۆیەمدا ئاهەنگەکان بەڕێوە دەچوون


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

و ڕێ و ڕسمی تایبەت لە (ماڵی ئەکیتۆ) ئەنجام دەدرا (رشيد، 1994: 42-43) ، لە شەوی دەیەمدا پادشا کەڕۆڵی مەردۆخی نمایش دەکرد، هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی خزمەتکاری هەڵبژێردراو کە ڕۆڵی (عەشتار)ی دەگێڕا، لە پەرستگەدا دەکرد و بەمەش کۆتایی بە ڤیستیڤاڵەکە دەهێنراو، بڕواشیان وابوو کە ڕۆژی دوازدەیەم خوداکان لە هۆڵی چارەنوسدا کۆدەبنەوە بەمەبەستی بڕیاردان لە ژیانی خەڵکی لە ساڵی نوێدا (قاشا، 2010: 376).

هەر هەمان ئەم بیروباوەڕە گواسترایەوە بۆ کەنعانیەکان، ئەویش بە مردن و زیندوبونەوەی خودای کشتوکاڵ و داچاندن، ئەفسانەکان باسی ئەوە دەکەن کە خودای داچاندن (ئەدون Adon) لە وەرزی هاویندا دەمرێت و رووەکەکان لە کێڵگەکاندا وشک دەبنەوە، لە وەرزی بەهاردا هاوژینەکەی، خوا بانوو (عشتار) لە جیهانی ژێرەوەدا بەدوایدا دەگەڕێ و هەر لەویش ئەیدۆزێتەوەو ئەیگەڕێنێتەوە بۆجیهانی سەرەوەو ژیانی دەست پێدەکاتەوە (مهران، 1994: 322)، بەمەش سەر لەنوێ زەوی سەوز دەبێتەوە، وەک ئاماژەش بۆ یەکگرتنەوەیان هاوسەرگیری خوداو خوابانوو لە ڕێگەی (وێنەنوێن: نمايندە) ڕۆڵ گێڕەکانیانەوە ئەنجام دەدرێت، و بەم بۆنەیەشەوە لە شاری (جبيل = ببلۆسی کۆن) بۆ ماوەی حەوت ڕۆژ ئاهەنگ بەڕێوەدەچێت و خەڵکی دڵخۆش دەبن و خەتەنەی مناڵەکانیان لەم ڕۆژانەدا ئەنجام دەدەن (حتي، دون تاريخ: 126).

لە ئەفسانەکانی شاری (ئۆگاریت) دا لە سوریا، ئاماژە بۆ خودای رەشەباو باران (علیان بەعل) دەکرێت، لە وەرزی هاویندا لەلایەن دوژمنەکەیەوە (خودای جیهانی ژێرەوە= خودای مردن) دەکوژرێت و بەمەش باران بارین دەوەستێت و رووەکەکان وشک دەبنەوە، ئەم دۆخەش بەردەوام دەبێت تاوەکو هاوسەرەکەی (عنات Anat) دادەبەزێت بۆ جیهانی ژێرەوە و دوژمنی مێردەکەی کە خودای (مردن)ە بە داسەکەی پارچە پارچە دەکات، پاشان جەستە پارچە پارچە کراوەکەی بەسەر کێڵگەکاندا دابەش دەکات و لە وەرزی بەهاردا ژیان دووبارە بۆ خودا (علیان بەعل) دەگەڕێنێتەوە و، بەمەش باران دادەبارێت و زەوی بە رووەکەکان سەوز دەبێتەوە (الماجدي، 2001: 217).

خواوەند (ئۆزیرس Oziris) – وەک لە سەرچاوەیەک داهاتوە - لای هەندێک مێژوونوس وەک تەوەر(محور)ی ئاینی مصری دەبینرێت و ، بەهۆی ئەوئەفسانەیەی لە بارەشیەوە دروستکراوە – کە لە ڕووی داڕشتن و ئامانجیدا لەئەفسانەی دموزی و ئینانا دەچێت –، و پەیوەندی هەیە بەژیان ومردنەوە ، لەڕیزی پشەوەی پەرستراوانی میسرو لەنێو گرنگترینان جێی گرتووە، وەک بەرپرسی هەمووئەو پێشهات و پەرەسەندنانە لێی دەڕوانرێت، کە بەدرێژایی ساڵ لەسەر ڕووی زەوی ڕوودەدەن و، هەرلەسەر ئەو بنەمایەش هۆکاری هەڵسانی لافاو و پەیدابوونی سەوزایی بەزیندوبوونەوەی ئەو وەک ئاوی تازە و، وشکبوون و نەمانی گژوگیاش بەمردنی کاتی ئەو لێکدراوەتەوە و دەرکەوتنەوەی سەوزایش لەساڵی داهاتودا هەرلەسەر جەستەی زیندوی ئەوە، مصریەکان بڕوایان وابوو هەموو ساڵێک ژیان بۆ (ئۆزیریس) دەگەریتەوەو بەگەڕانەوەی ژیانیشی ڕوەک گژوگیا دەڕوێت کە مرۆڤ و ئاژەڵان لەسەری دەژیەن (ارمان، 1995: 71-72) .

لەجوانترین پەڕەگرافێکدا کە لەچاخی دەوڵەتی نوێ لەبارەی تایبەتمەندی (ئۆزیرس)ەوە نوسراوە، زەوی بەڕاکشاو لەسەر جەستەی ئەوی مردو و بومەلەرزە بە بەرەنجامی جوڵە و ڕوباری نیل بەسەرچاوەگرتو لەعەرەقی پەنجەکانی دەستی و ژیانی مرۆڤ و بەری دارو درەخت و دانەوێڵە بە بەخششی هەناسەدانی ئەو زانراوە، هەموو ئەوەش کەمرۆڤ دروستی دەکات لەخانو و پەرستگا وگۆڕستان و ...هتد ،هەر بەهەڵچنین لەسەرەوەی لاشەی ئەو لێکدراوەتەوە (ارمان، 1995: 73-74).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لەلای مصریە کۆنەکان، خودا (ئۆزیریس) بە بەپیتی و کشتوکاڵ کردنەوە پەیوەست کراوە لەبەرئەوەش کەوەک پێشتر وترا، جێگاو شوێنی بەرزی لەناو خودایانی میصردا داگیر کردوە، بۆیە – وبەگوێرەی ئەفسانەکەدا هاتوە – براکەی خودا (ست Set) ئیرەیی پێ بردوەو کوشتویەتی، خوا بانوو (ئیزیس Izis) ی هاوسەرییشی کە لەهەمان کاتیشدا خوشکێتی بە مردنی خەمبار بوە، بۆیە بەدوایدا گەڕاوە تا ئەو کاتەی لاشەکەی لە (ئەبیدۆس Abydos= شاري بلیناى باشورى پارێزگای سوهاجی ئێستا) دۆزیویەتیەوەو بەباڵەکانی باوەشێنی کردوە و بە رێگای جادويي توانیویەتی زیندوی بکاتەوەو بیگەڕێنێتەوە بۆ ژیان، خەڵکیش سەردانی پەرستگای (ئەبیدۆس) یان کردوە بەمەبەستی بەشداری کردن لەو بۆنەو ئاهەنگەی کە وێنای کارەساتی خودا ئوزیرۆسە لە مردنی و زیندوبونەوەی و دووبارە ژیانەوەی زەوی و کشتوکاڵ کردن (مهران، 1994: 321). لەم ئەفسانەیەوە ئەو بڕوایە لای میصریەکان دروست بوو کە فیرعەونی مردو خۆی لە خواوەند ئۆزیریسدا دەردەخات و فیرعەونی نوێ بریتیە لە (حۆریس Horis) کە کوری (ئیزیس)ە. ئەمیش واتە (حۆریس) دەچێتە سەر عەرش پاش ئەوەی کە مامی خۆی (ست) دەکوژێت و پیاوانی ئاینییش دان بەدەسەڵاتەکەیدا دەنێن ( القماطي، 2003: 71-72).

پاشان ئەفسانەی (دموزی) و (ئینانا) یاخود (تموز) و (عشتار) دەگوازرێتەوە بۆ ئاسیای بچووک، ئەفسانەی (حیسیەکان) باسی ئەوە دەکەن کە خودای کشتوکاڵ (تیلیپینو Telipinu) لە وەرزی هاویندا دیار نامێنێت و، لەگەڵ خۆیدا رەگی کشتوکاڵ کردن دەبات و بەمەش رووەکەکان دەمرن، ئاژەڵەکان تووشی مەرگەسات دەبن وزاوزێ زۆربوون و بەپیتی دەوەستێت و قات و قڕی سەر دەکێشێ، بەمەش مرۆڤ و ئاژەڵ تووشی کارەسات دەبن( حاطوم وآخرون، 1964: 272)، کۆمەڵەی خوداکان کۆدەبنەوەو راوێژ بە یەکتری دەکەن، خودای (کەش و هەوا) هۆکاری نەهامەتیەکان بۆ دیار نەمانی کوڕەکەی (تیلیپینو) دەگەڕێنێتەوە، بۆیە فەرمان بە (هەڵۆ) دەکات دەست بکات بە گەڕان لە سەر چیاکان و دۆڵ و قوڵایی دەریاکان، پاش گەڕانێکی زۆر هەڵۆ بە نا ئومێدی دەگەڕێتەوەو هیچ شوێنەوارێکی بۆ نادۆزرێتەوە، پاشان خودا گەورەکان دێنە وەڵام و فەرمان بە (هەنگ) دەکەن بۆ دۆزینەوەی، ئەویش پاش گەڕانێکی زۆر دەبینێ لە شاری (خاتوشا Khatusha =بۆغازکۆی ئێستا) خەوی لێ کەوتووە، هەنگ چزوو لە دەست و قاچەکانی دەدات و لەخەو بێداری دەکاتەوە و بە باڵەکانی هەڵۆ دەگەڕێتەوە، بەمەش لە وەرزی بەهاردا ژیان بۆ کێڵگە کشتوکاڵیەکان و شوێنی لەوەڕاندنی ئاژەڵەکان دەگەڕێتەوەو ئاهەنگ بەرپا دەکرێت، یادەکەش بە (پورولی Puruli) دەناسرێت، کە تیایدا قوربانی و ئاگر کردنەوەو رازاندنەوەی پەرستگاکان بە داری سەوز ئەنجام دەدرێت(الدباغ، 1992: 250).

جێی ئاماژەیە کە هەر ئەم بیروباوەڕە دەگوزارێتەوە بۆ وڵاتی یۆنان و کاریگەرییەکەی لە ڕێ و ڕەسمی (رازە ئێلێوسیەکان)دا دەردەکەوێت، کە گریکەکان لە شاری (ئیلیۆس) ئەنجامیان دەدان، کە تێیدا خوابانوو (کور Kore) لەگەڵ دایکیدا (دیمیتر Demeter) خوابانووی کشتوکال بەشداری هەموو ئەو کارانە دەکات کە پەیوەندییان بە کشتوکاڵ و داچاندنەوە هەیە، لەپاش کۆکردنەوەی خەلەو خەرمان دیار نامێنێت و وشک بوونەوە لە زەویەکان روو دەدات، خەڵکی (صقلیە) بڕوایان وابوو کە خوابانوو (کور) لە وەرزی هاویندا دادەبەزێت بۆ شانشینی (پلوتۆ Pluto= خودای جیهانی ژێرەوە)، دایکیشی بۆی خەمبارو دڵتەنگ دەبێت و خەڵکیش بەشداری خەم و خەفەتەکەی دەکەن و بەدوایدا دەگەڕێن، پاش چوار مانگ لە دیار نەمانی خوابانوو (کور)، دایکی لە وەرزی پایزدا کە دەکاتە وەرزی کشتوکاڵ کردن دەیدۆزێتەوە، هەر لەو کاتەشدا کۆگاکانی دانەوێڵە دەکرێنەوە بەمەبەستی دابەش کردن و


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

چاندنیان، و بەم بۆنەیەشەوە گریکەکان ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵی مەزنیان بەرپا دەکرد لە شاری (ئیلیۆس) دا (نیهاردت، 1994: 55).

جێگای ئاماژەیە، (زیوس) لەیۆنان- ژوپیتەر لای ڕۆمانەکان- گەورەی پەرستراوانی گریکە و وەک ئافرێنەر و گەورەی مرۆڤ و خودای ئاسمان و چیا و بارێنەری باران و خوای شەڕ سەری سیستەمی ئاكاریی (رأس النظام الاخلاقی) هەژمارکراوە و، ئەوە کەخێزان دەپارێزێت وسزاشی دەدات و پارێزگاریش لەسنورو شوێنی نیشتەجێبوون دەكات و، باڵادەستە بەسەر ئاووهەوا و هەورە بروسکە دروست دەکات و(عبو و محمد، 1993: 77)، خوای بەپیتی و زاوزێ و کەش و دەریا و ئەو چارەنوسەیە کە بەتەرازوە زێڕینەکەی بەختی (چانس) مرۆڤ دەپێوێ و تواناکانی دەزانێ و، پەرستراوێکە کەهەموو بوارەکانی ژیان لەخۆی دەگرێت (عكاشة وآخرون، 1991: 13). لەڕۆمان هێزێکی تریش بەناوی (ساتورنوس Saturnus) وەک خواوەندی داچاندن (الزرع) و، وەک یەک لەکۆنترین خواوەندەکانی ڕۆمان و ئەو پەرستراوەی کە دانیشتوانی فێری کشتوکاڵ کردووە ، ناسراوەو بڕوا وایە کە لەبنەڕەتدا یۆنانی بوویێت و هاتبێتە دەشتی(لاتیۆم) و، دوای ململانێشی لەگەڵ (زیوس) گەورەی پەرستراوانی گریک بزربووبێ، هەروەها پەرستراوێکی تریش بەناوی (سیرس ceris) وەک خوای بە پیتی(الخصوبة)و بەروبومی کشتوکاڵی و دوو خواوەندی تریش بەناوەکانی (پالیس Plles) و (فرنوس Frnus) وەک پارێزەری مێگەل پەرستراون (عكاشة وآخرون، 1991: 232).

هەموو ئەوانەی سەرەوە دەیسەلمێنن مرۆڤەکان لە دوای تێپەرینیان لە قۆناغی خۆراک کۆکردنەوەوە بۆ بەرهەم هێنانی خۆراک بیریان بۆ ئەوە چوە کە ئەوەی لە دوای کۆششی خۆیان و شوێنکاری ئەرێنی کەش و هەوا لە ئایندەی بەری رەنجیاندا رۆڵی راستەوخۆ دەگێڕێت بریتیە لە زەوی، بەوەی لە هەناویدا تۆوی بەروبومە کشتوکاڵیەکانی هەڵگرتوەو بەپێی ئاستی گونجاوی هەل ومەرج کە بەبڕوای ئەوان خۆی لە ئاستی رەزامەندی لە هەمبەر هەڵوێست و کردەوەکانی مرۆڤ دەبینێتەوە، دەیانهێنێتە بوون و دەیانکاتە تێشوی ژیان و مرۆڤەکان بۆ خۆراکی خۆیان ئاژەڵەکانیان بەکاردەهێنن و، واش لە بیرکردنەوەیاندا چەسپاوە کە بۆ ئەوەی ئەرخەیان و بێ نیازو خۆش خەیاڵ نەبن کە لە بەخششەکانیان بێ بەشیان ناکات و بە وشک بوون و داماڵینی بەرگە پڕ لە بەخششەکەی هەڵوێستیان لە هەمبەر وەردەگرێت و ، بۆ ئەوەش تا هەتایە بێ بەشیان نەکات دەبوایە بێ هیوای نەکەن و باشترین هەڵوێستیش بۆ بێ هیوا نەکردن و رەزامەند بوونی بەخواکردن و ئەنجامدانی پەرستشی گونجاو بوەو، لەبەرئەوەش کە لە میانی وردبونەوەیان لەوەی لە دەوروبەریان دەگوزەرێ تەنها دایکە هەمان رۆڵی زەوی دەبینێت و سەرچاوەی زۆر بوونی مرۆڤ و هەوێنی گەورەکردن و پەروەردەکردنێتی لە شێوەی دایک و وەک خوابانوو لە چوارچێوەی پەیکەری ئەودا بەرجەستە کراوە، بۆ ئەوەشی بارگۆڕانی رووپۆشەکەی هەمیشە لە ئەندێشەی مرۆڤەکاندا ئامادەیی هەبێت بە شێوەی ئەفسانە هۆنراوەتەوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## سێیەم: خۆر

لایەنێکی تری جێگای گرنگی پێدانی مرۆڤی کۆن بریتیە لە بە پیرۆز ڕاگرتنی (خۆر)، لە میسۆپۆتامیادا (خۆر)یان لە خودایەکی نێردا بەرجەستە کردوە و سۆمەریەکان بە (ئوتو Utu)، جەزیریەکانیش (دورگەی عەرەب) بە (شەمەش Shamash) ناودێریان کردوە، ئەفسانە سۆمەریەکان هێما بۆ ئەوە دەکەن کە خودا (ئوتو) کوڕی خودا (نانا = مانگ Nanna)ە و هاوسەرەکەشی خوابانوو (نینگال Ningal)ە، لە سبەیناندا لە چیاکانی ڕۆژهەلاتەوە بەدەردەکەوێت و بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە پاشان لە چیاکانی ڕۆژئاواوە ئاوا دەبێت، لە دەقەکانی (نوێژ) ی تایبەت بە خودای ناوبراو کە لە پەرستگا تایبەتەکەی دەگوترایەوە لە شێوەی وێرد خوێندندا، دەڵێ: خودا ئوتو لە شەودا دەنوێ و خەڵکییش لەگەڵیدا دەخەون، کاتێکیش لە سبەیناندا لە شوێنەکەی خۆی دەردەچێت خەڵکیش لەخەو ڕادەبن، بەهەمان شێوە ئەم خودایە لە هەڵکۆڵدراوی مۆرە لولەکیەکاندا دەردەکەوێت، کە ڕۆشناییەکی زۆر لە شانەکانی و چەقۆکەی دەستیەوە دەردەچێت، کە هێمایە بۆ یەکسانی دادگەریەکانی، چونکە لە بنەڕەتدا خودای دادگەری و شەریعەتەکانە، لە میلی (حامورابی) یشدا دەردەکەوێت کە لەسەر عەرش دانیشتوە، ڕۆشنایی لە شانەکانیەوە دەدرەوشێتەوە، تاجێکی شاخداری لەسەردایە، و قامچیەکی بە دەستەوەیە، و ئەنگوستیلەیەکیش لە پەنجەیدایە کە هێمایە بۆ دەسەڵاتداریێتی و فەرمان، لەسەروی میلەکەدا هێمای (قرص الشمس) دەبینرێ، کە چوار تیشکی ڕۆشنایی لێوە دەردەچێت (لوبون، 1947: 95).

هەر لەبەرئەوەی وەک زانراوە خۆر لەئاسمان بەبەرزی دەردەکەوێت و بەروناکیەکەی تاریکایی ناهێڵێت و پیشینانیش لەبارەیەوە وتبویان، کە ئەو هیچ نهێنیەکی لا ون نابێ، بۆیە لەلای ئەوان وەک خودای ماف و دادگەری و سەرچاوەی یاسا و،مەزنە دادوەر و گەورە زیوان (الکاهن) و فالگرەوەکان پەرستراوە (باقر، 1980: 15).

پاشان پەرەستنی خۆر گواسترایەوە بۆ گەلانی دورگەی عەرەب لە وڵاتی شام، کە خۆی لە خودایەکی نێردا دەبینیەوە و بە ناوی (شەمەش) ناوزەدیان دەکرد، خودای خۆری (کەنعانی و ئارامی) یش هەر وەکو خودای خۆری میسۆپۆتامیا تایبەت بوو بە چەسپێنەری دادگەری لە نێوان خەڵکدا، چونکە لە گەشتە ڕۆژانەکەیدا بە ئاسماندا سەرپەرشتی هەموو خەڵکی دەکرد (رشید، 1985: 158)، ئەفسانەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە خودای خۆر یاریدەدەری بۆ خۆی دیاری کردوە ، کە بریتی بوون لە (خودای ڕاستی = دادگەری) و خودای (میشون= بەردەوام بوون) (الدباغ، 1992: 250).

پەرستنی خۆر لە میصری کۆندا شێوەو ناوی جیاوازی بەخۆوە گرت، ناوەندی پەرستنەکەی کاریگەرییەکی دیاری هەبو، بەوەی شوێنی یەکەمینی دروست بوونە، لە دەقەکانی پەرستگەی شاری خۆر یاخود (هلیۆپۆلیس Helopolis) ناوی جیاجیا دەبینرێ کە بۆ خودای خۆر بەکارهاتوون لە نمونەی (ئاتوم Atum، رەع Ra، خەفرەع Khafra، حوریسHoris ) (آرموار، 2005: 15). لە ئەفسانەی دروست بوونی هلیۆپۆلیسدا دەردەکەوێ، ئاتون یەکەمین خودایە کە لە ئاوی جاویدانیەوە دەرکەوتوە و پێی گوتراوە (نون Nun)ی سەر گردی دروست بوون، لە کاتی دەرکەوتنیشی بەخودا (رەع) ناودێر کراوەو پاشان بەم ناوە ناسراوە، کە لە ئاسۆدا هەموو سبەینانێک هەڵاتوە. میصریە کۆنەکان بڕوایان وابوە کە خودا (رەع) نمایندەی (بەیانی)ە، چونکە بەڵگەی نوێبوونەوەی دەرکەوتنی خۆرە، و کوڕەکەشی لەپاش خۆی دێتە سەر دەسەڵات، هەروەها نمایندەی دوێنێ ی بەسەرچووە بەوەی (ئۆزیریس) خودای مردنە، دەقەکانی (عین شمس) باسی ئەوە دەکات خودای خۆر (رەع) ، گەشتەکەی لەبەلەمێکدا دەست


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

پێدەکات لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات (الماجدي، 1999\2: 109). لە گێڕانەوەیەکی تردا، ئەم خودایە گەشتە ئاسمانیەکەی لەسەر باڵی باڵندە ئەنجام دەدات، هەر لەبەر ئەوەشە، (باز) کراوەتە هێمایەک بۆی، و لە گێڕانەوەی سێیەمدا شێوەی حوشتر یان قالۆنچە وەردەگرێت، چونکە کوتلەی خۆر خلۆر دەدات لە ئاسماندا هەروەک چۆن قالۆنجە تۆپەڵێک پیسی خلۆر دەدات (القماطي، 2003: 67). بەڵام دەقەکانی شاری (مەمفیس Memphis= مەنەفي ئێستای هەڵکەوتو لە باشوری جیزە)، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (پتاح Ptah) یەکەمین خودایە پێش هەبوونی هەموو خوداکانی تر کەوتوەو ئافرێنەری سەرجەم خوداکانە، و تەنانەت خودا (ئاتوم) یشی ئافراندوە (حاطوم وآخرون، 1964: 121). هەمان ئەو دەقانەدا جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە، شاری (مەمفیس) یەکەمین شوێنە لە مصر، کە هەردوو شانشینی سەروو- خواروو، تیایدا بونەتە یەک شانشینی یەکگرتوو، پەرستگەکەشی ، ئەو تەرازووە بووە کە هەردوو بەشی میصری تێدا کێشراوە، و هەرچی دەقەکانی شاری (طيبة= ئوقسوری ئێستا)شە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە یەکەمین شار هاتۆتە بوون، بریتیە لە شاری (تیبە) (ارمان، 1995: 269) . لەسەرەتادا خودا (ئامون Amun) پێگەی خودا (رەع)ی هەبوو، بەڵام وردە وردە بە یارمەتی پیاوانی ئاینی سەر بەم خودایە بایەخی زیادی کردوو، تەنانەت سەرکەوتوو بوون لەوەی پەرستنی سەرجەم خوداکان بە (رەع)یشەوە لە خودای خۆیاندا کۆبکەنەوە، و خودای شاری (طيبة) بە خودا (ئامون- رەع) ناودێر کرا، ئەمەش بوە مایەی نیگەرانی و تورە بوونی پیاوانی ئاینی خودا (رەع)، و تەنانەت ئەوانەشی کە بروایان بە (رەع) هێنابوو، بۆیە ئەم دۆخە مەترسیدارە بە جۆرێک بوو کە لە سەردەمی فیرعەون ئەمنحوتبی چوارەم (1379-1362 پ.ز) دا، و بەهاوکاری دایکی شاژن (تی) جۆرێک لە سیاسەت پەیڕەو بکات، کە ببێتە مایەی هاوسەنگی لە نێوان دەسەڵاتەکانی و دەسەڵاتەکانی پیاوانی ئایینی (ئامون)، بۆیە سەرەتای سەردەمەکەی بە جۆرێک لە میانڕەوی دەستی پێکرد (سعد الله، 2003: 101)، پاشان داوای بە پیرۆزکردنی خودا (رەع)، خودای شاری (عين شمس)ی کرد، و پەیکەرێکی لێکدراوی بۆ دروست کرد لەسەر شێوەیەکی مرۆڤ و سەری هەڵۆ، ئەوەشی زیاتر پایە بڵندی دەکرد (قرص الشمس) بوو، لە جێگای شێوەی (مەڕ)، پاشان دانی بە خودا (رەع)دا نا لەژێر ناوی (ئاتون)، سەرەڕای هەبوونی خوا (ئامون)، بەمشێوەیە پیاوانی ئایینی (ئامون) ڕەزامەندییان دەربڕی و ڕێگەیان بە فیرعەوندا کە پەرستگەیەک بۆ (ئاتون) دروست بکات لە (کەڕنەک)، بەڵام پاشا لەسەرەتادا هەندێ تایبەتمەندی و سیفەتی ئەم خودا نوێیەی ڕانەگەیاند، کاتێک ناودێری کردبوو بە (رەع-حور-اختی)، واتە گەرمی شاراوەی ئاتون (حاطوم وآخرون، 1964: 124). بەڵام پاش ئەوەی بۆی ڕوون کردنەوە کە ئەمە ڕێرەوێکی نوێیە لە ئاینی فەرمی میصردا (یەکتا پەرستی)، ناکۆکیەکانی نێوانیان پەرەی سەند و پیاوانی ئایینی (ئامون) دەستیان بە پیلانگێڕی کرد دژی پاشا، هەرچی فیرعەون بوو، جەنگی لە دژی ئامون و پەیڕەوکەرانی ڕاگەیاند، کرێکارو سەربازەکانی ڕاسپارد بە لەناو بردنی هەر هێماو پەرستگایەکی سەر بەو خودایە لە شاری (تیبە) و سەرجەم شارە میصریەکاندا، و ناوی خۆشی لە (امنحوتب) ەوە گۆڕی بۆ (اخن اتون = سوودمەند بۆ ئاتون)، پایتەختێکی نوێشی بنیادنا بەناوی (اخت اتون =ئاسۆی ئاتون) (تل العمارنە) ی ئێستا (سيف الدين وآخرون، 1998: 97)، پاشان سەرجەم دام و دەزگاکانی دەوڵەتی بۆ ئەو شارە نوێیە گواستەوە، هەر لەوێش پەرستگەیەکی زۆر گەورەی بۆ ئاتون دروست کرد، بە شێوەیەک کە لە هەموو ڕووەکانەوە دیار بێت و ڕۆشنایی خۆر لە گشت لایەکەوە لێی بدات، بەمشێوەیە (اخناتون) سەرکەوتوو بوو لە جیا کردنەوەی بیروباوەڕی ئاینی نوێ بە پەرستنی (قرص الشمس)، بەڵام نەیتوانی بەسەر سەرجەم میصریەکاندا بیسەپێنێ، بەهۆی پابەندبوونی توندیان بە بیروباوەڕی پێشوەوە، هەر ئەم گۆڕانکارییە لە بواری ئاینیدا بوە مایەی تێک چوونی بارودۆخی ناوخۆیی میصر تاوەکو کۆچی دوایی (اخناتون)، بەمردنیشی دۆخی ئایینی وەکو جارانی لێهاتەوە (مهران، 1979: 93).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

قورئانی پیرۆزیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، نەزانەکان خۆرو مانگیان پەرستوە، نمونەش خەڵکی شاری (سبأ)ە کە خۆریان پەرستوە (فَمَكَثَ غَيْرَ بَعِيدٍ فَقَالَ أَحَطْتُ بِمَا لَمْ تُحِطْ بِهِ وَجِئْتُكَ مِنْ سَبَإٍ بِنَبَإٍ يَقِينٍ.. إِنِّي وَجَدْتُ امْرَأَةً تَمْلِكُهُمْ وَأُوتِيَتْ مِنْ كُلِّ شَيْءٍ وَلَهَا عَرْشٌ عَظِيمٌ.. وَجَدْتُهَا وَقَوْمَهَا يَسْجُدُونَ لِلشَّمْسِ مِنْ دُونِ اللَّهِ وَزَيَّنَ لَهُمُ الشَّيْطَانُ أَعْمَالَهُمْ فَصَدَّهُمْ عَنِ السَّبِيلِ فَهُمْ لَا يَهْتَدُونَ) (النمل: 22–24) . هەروەها خۆر پلەی یەکەمی پەرستنی بەدەستهێنابو لە شاری (الحضر) (صالح، 1987: 62)، خودایەکی نێریان هەبوو کە بە خودا (شەمەش) دەیانناسی و بە گەورەترین خودایان دادەنا و بەخودا (زیوس) ی یۆنانیەکانیان دەچوواند، لە دەقەکانی شاری (الحضر) هاتوە کە ناوی (مرن) کۆتا ناوی خودا (شەمەش)، بەهەمان شێوە لە ڕێ و ڕەسمی زەردەشتیدا یەکەم جار نوێژو وێردەکان بۆ خودا (میترا) دەخوێنرا، پاشان بۆ (خورشید = خۆر) (القماطي، 2003: 105)

لە وڵاتی (حیسیەکان)یش لە ئەنادۆڵ، (خۆر) وەک خواوەند پەرستراوە ، ئەمەش وەک ڕاستیەک لە ئەفسانەیەکیانەوە هەڵهێنجراوە، کە باسی ئەوە دەکات خودا (خۆر) پاشای سەرجەم خوداکانەو کاری پەیوەستە بە دادوەریەوە، چونکە لەو شوێنە بەرزەی خۆیەوە چاودێری سەرجەم خەڵکی دەکات، ئەفسانەیەکی تر دەڵێت، خودا (خۆر) لە جیهانی ژێرەوە ون دەبێت لە کاتی گەشتە کردنی شەوانەیەدا لە ڕۆژئاواوە بەرەو ڕۆژهەڵات، پیاوانی ئاینی شاری (خاتوشا= پایەختی دەوڵەتی حیسی) ژمارەیەک خودایان ڕێکخستوە، و لەسەروی هەموویانەوە خوابانووی (خۆر) (ئەرینا Arinna) شاژنی وڵاتی حیسی و ئاسمان و زەوی، شایانی باسە لەم ئەفسانەیەی دووەمدا، مێردی خوابانوو (خۆر) خودای کەش (تیشوپ) ە، نەوەک خودا (خۆر) (حتي، دون تاريخ: 172) .

پەرستنی خۆر لای ئارییەکان لە هیندستان خودایەکی نێرەو لە دەقەکانی (ڤیدا=کتێبی پیرۆزی ئایینی هیندۆسیە) بەناوی (میترا Mitra) ناودێر کراوە، لە خوێندنی وێردی ئاینی تایبەت بەم خودایە و خودا (ڤارونا Varuna)، وا دەردەکەوێت کە هەردوو کیان لە ڕووناکی ئاسماندا دەردەکەون، یەکەمیان لە ڕووناکی ڕۆژ و بەتایبەتی لە خۆردا، دووەمیشیان لە ڕووناکی مانگدا (شلبي، 1984: 32).

هەروەها خۆر لەلای گریکەکانیش لە نیمچە دوورگەی یۆناندا بەناوی (هیلیۆس Helios) پەرستراوە و لەشێوەی گەنجێکی بەهێزی ڕێک و پێک و خاوەن پرچێکی شەپۆلاوی پڕ وێنەیان دەکێشا، کە تاجێکی لەسەردایەو ڕووناکی خۆری لێوە دەردەچێت، لەسەر گلیسکەیەکە، کە چوار ئەسپ رایدەکێشێت، ئەفسانە گریکیەکان دەگێڕنەوە، ئەم خودایە لە هەموو سبەینانێکدا لە دەریاکانی ڕۆژهەڵاتەوە لەسەر گالیسکەکەی دەردەکەوێت و پاشان بەرەو ئاسمان بەرز دەبێتەوە و لە ئێوارانda لە دەریاکانی ڕۆژئاوادا دەنیشێتەوە، کاتێکیش لەشەودا خەو دەیباتەوە بەلەمێکی ڕەنگ ئاڵتونی بەرەو شوێنی هەڵاتنی دەیباتەوە بۆ دەستپێکردنەوەی گەشتە ڕۆژانەکانی، و لەو گەشتانەشدا هەموو شتێک لەسەر زەوی دەبینێت، پەرەستنی ئەم خودایە جێگایەکی بەرزی داگیرکرد لە نێوان گریکەکاندا بەتایبەتی لای خەڵکی دوورگەی (ڕۆدس)، و هەر لەبەرئەوەش بوو کە پەیکەرێکی گەورەیان بۆ دروست کرد، وەک پێشتریش ئاماژەی پێکرا، پەرستنی (هیلیۆس) لەگەڵ پەرستنی (بەعل) لەچاخی هیللنستیدا لەشاری (بەعلبەک=هەڵکەوتو لە دەشتی بیقاعی ناوجەرگەی لوبنان) یەکیان گرت (شعراوي، 2003: 191 و 294).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لە کۆتاییدا گرنگە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە ناشێ خۆر بە سروشتی خۆی لە دەرکەوتن و ئاوا بون و ئەو گەرمی و روناکیەی دەیبەخشێ نەبوبێتە جێگای سەرەنجی مرۆڤ و گومانیشی تێدا نییە کە ئەوەو نهێنی پشت ئەو هێزەی هەیەتی لە گەرمی و روناکی و ئۆمێدی خەڵک لە هەمیشە دەرکەوتنەوەو ترس لە ون بون و نەگەڕانەوەی و ئەوەی لەو بارگۆڕانە دەکەوێتەوە بیری بە خواکردن و پەرستنی لا دروست کردون و بەو رێ و رەسمی پەرستنەش کە لە پێناویدا ئەنجامیان داوەو بەو پێگەیەش بە پێی نزیکی لە ناوچەکان و رادەی هەست کردن بە کاریگەریەکەی و ئاستی شوێنگرتنی لە زەینیاندا خەونی گەیشتن بە ویستەکانیان و رەواندنەوەی ئەگەری ئایندە نەخوازراوەکانیان شرۆڤە کردوە.

## چوارەم: مانگ

لایەنێکی تری پەرستنی رواڵەتی سروستی لای مرۆڤی کۆن بریتی بوو لە پیرۆز سەیر کردنی (مانگ)، سۆمەریەکان مانگیان بەناوی خودا (نانا Nana) ناودێر کردوە، و دورگەییەکانیش (جەزیریەکان) بە خودا (سین Sin) ناسیویانە، ئەم خودایە جێگای تایبەت و بەرزی هەبوە لە نێوان خوداکاندا و پەرستنیشی زۆر بڵاوبوەوە لەسەرجەم شوێنەکانی رۆژهەڵاتی نزیکی کۆن (باقر وآخرون، 1980: 14). خەڵکی میسۆپۆتامیا لە شاری (ئور Ur) پەرستگەیەکیان بەناوی (خۆشیەکان) بۆ دروست کرد. لە سوریا شاری (حەران) و لە فەلەستین شاری (ئەریحا) تایبەت بوون بەم خودایە، ئەفسانە سۆمەریەکان باسی ئەوە دەکەن خودا (نانا) کوڕی هەردوو خودا (ئینلیل) و خوابانوو (ننلیل)ە و هاوسەرگیری لەگەڵ خوابانوو (نینگال) کردوە، و کوڕێک بەرهەمی ئەم هاوسەرگیریە بوە بەناوی (ئوتو =خۆر)، خودا ئوتو ژیان رووناک دەکاتەوە لە رۆژدا، لەکاتی گەشتە رۆژانەکانی لە رۆژهەڵاتەوە بۆ رۆژئاوا، هەروەک باوکیشی (نانا) ژیان رووناک دەکاتەوە لەکاتی گەشتی شەوانەیدا لە ئاسمان، ئەم خودایە (مانگ) بە (دانایی و کاروباری دادگەری) ناوبانگی دەرکردبوو (الشاکر، 2002: 17)، سروشتی پەرستنیشی مەودایەیەکی فراوانی لەوڵاتانی ڕۆژهەڵاتی نزیکی کۆن وەرگرتووە، لەهۆکارە ڕاستەوخۆکانی بڵاوبوونەوەی پەرستنی بەو شێوە فراوانە بوونی بووە وەک دیارترین دیاردەکانی سروشت کە خەڵکی بۆ هەژمارکردنی ڕۆژەکانی مانگ پشتیان پێبەستوەو، هەرلەبەر ئەوەشەکەپێشینان سروت و کەش و نەریت و ڕێ و ڕەسم ئایینیان بۆ ڕێکخستووە، گیرانی لەلایەن عێراقیانی دێرین بەشوم سەیر کراوەو بەبڕوای ئەوان لە گیرانیدا گیانی شەڕەنگێزی هێرشی بۆ دەکات و دایدەپۆشێ وئەوەش دەبێتە هۆکاری ڕودانی روداوی ترسناک و، دووبارەدەرکەوتنەوەشی قوربانی پێویستە (باقر وآخرون، 1980: 5).

پەرەستنی ئەم خودایە گواسترایەوە بۆ کەنعانییەکان بەناوی (یەرح Yarih)، هاوسەرکەشی خوابانوو (نیکال Nikkal)بوو، پەرستگەیەکیشیان لە شاری (ئەریحا) بۆ دروست کرد(الراوي، 1983: 79)، دەقەکانی (ئۆگاریت) بەناوی (شهر یان سهر) ئاماژەی بۆ دەکەن ، دیارە مەبەستیان لەو مانگەبوە کە پەرستنەکەی لە نێو ئارامیەکاندا برەوی سەندبوو، باسی ئەوەش دەکرێت کە (موسی)ی پێغەمبەری عیبرانیەکان، ئەوانەی بڕوایان بە پەرستنی (یەهوە) هێنابوو، لە نیمچە دوورگەی (سینا)دا هاوسەرگیری لەگەڵ کچی پیاوێکی ئاینی شاری (مەدیەن =نزیک شاری البدع ی ئێستا لە پارێزگای تەبوکی سعودیە) کردوە کە بڕوای بە (یەهوە) هەبوە، ئەم خودایەش لە بنەواشەدا خودا (مانگ) بوە، و لای عەرەبەکانی باشوور بە (وود Wadd) ناودێر کراوە، خەڵکی (مەدیەن) قوربانییان بۆ ئەنجامداوە لە چادرێکی سادەدا، پاشان خودای مانگ جێگایەکی تایبەتی پێ برا لە ئایینی عەرەبە باشووریەکان، و لە پێش خوداکانی ترەوە دایان دەنا، ڕێزێکی تایبەتیان لێی دەگرت و بە وشەی (کهلن = ئازیز) ناویان دەبرد، خودای



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

مانگ جۆرەها ناوی هەبوو لەلای عەرەبەكان، بۆ نمونە قتبانیەكان پێیان دەگوت (عم)، (وود) لەلای (مەعینییەكان)، (سین) لەلای ئەكەدی و بابلی و ئاشوریەكان، (مقه) لەلای (سەبەئیەكان)، هێماكەشی بریتی بوو لە وێنەی (گوێرەكە)، واش باس دەكرێت پەیڕەوانی خودا مانگ، پەیكەرێكیان بۆ دروست كردوە لە شێوەی (گا)، سەریان بۆ نەواندوەو ڕۆژویان بۆ گرتوە، هەرچی وڵاتی ئەنادۆڵە، حیسیەكان بە ناوی (ئەرما Arma)و حوررییەكان بەناوی (كوشح Kush) ناسیویانە، بەڵام گرنگییان بە پەرستنی نەداوە، لەلای ڤیدی و زەردەشتیەكانیش بەناوی خودا (ڤارونا Varuna) دەیانناسی (الدباغ، 1992: 255).

هەموو ئەوەی لەم تەوەرەدا باسكران، دەری دەخات كە مانگ بەو جوانی و روناكیەی لە شەودا بە تایبەتیش – كە بە بڕوای ئەوان هەمو شتێك تەنانەت خۆریش لە دوای جوڵەی پڕ لە بەخشینی لە خەوی ئاسودەییدا ڕاكشاوە- دەیبەخشێ و وەك پاسەوان و بە تیشكە پرشنگدارەكەی خۆی دەخزێنێتە ناخی هەموو كەلەبەرێكی بە ئامانج گیراو و، ئاگادارە لە هەموو ئەو شتانەی لە پشتی بێ ئاگایی گەردوندا هەوڵی ئەنجامدانی دەدرێت، بە شیاوی پەرستن زانراوەو لێرەو لەوێ و بەناوی جیا جیا و رێ و رەسمی جۆراو جۆر پەرستشی بۆ كراوە.

## پێنجەم: جیهانی ژێرەوە (العالم السفلی)

یەكێكی تر لەو رواڵەتانەی بۆتە جێی بایەخ و بیرلێكردنەوەو بەپیرۆز سەیركردنی خەڵكی لەكۆندا، جیهانی ژێرەوە یان جیهانی مردوانە، لە بیروباوەڕی سۆمەریەكاندا جیهانی ژێرەوە شانشینێكە لەلایەن خوابانوو (ئیرش-كیگالEreshkigal)، بەهاوبەشی لەگەڵ هاوسەركەی (نیرگالNergal) بەڕێوە دەبرێت، كە خودایەكی لەخۆبایی یەو لە بنەڕەتدا خواوەندی خۆر بووەو، وەك تێكشكێنەری ژیان لێی ڕوانراوەو، لەمیانەی گەڕانی بەدوای شانشینێكدا ڕێگایەكی بۆ ناوچەیەك لێداوە كەدەرفەتی گەڕانەوەی تێدا نی یەو، ناوەوەی زەوی پێكدەهێنێت و، بە (ئاراللوIarallu) ناسراوەو، خوابانویەك بەناوی (ئیریش – كیگال)، كەخوشكی (شمش و عشتار)ە، حوكمڕانی دەكات و لەچاوپێكەوتنی جۆرێك لەتوندوتیژی نیشانداوە كە وایلێكردوە پێوەی پەیوەست بێت و بێتەهاوسەر و هاوبەشی لەدەسەڵاتدا (باقر وآخرون: 1980: 18).

لە ئەفسانەی سۆمەریەكاندا هاتووە، خوابانوو (ئیرش-كیگال)، لە ئاسمان بوەو خودا (كور kur) دای بەزاندوە بۆ جیهانی ژێرەوە، خودا (ئانكی AN-KI) خودای ئاوەكان، سوور بوو لەسەر ئەوەی رزگاری بكات، بۆیە جەنگ لەنێوان هەردوو خودادا هاتە كایەوە، بەڵام ئەنجامەكەی بەهۆی باش دەرنەكەوتنی بۆخوێندنەوە لە تاتەقوڕینە نوسراوەكەدا دیار نیە، كەچی لە ئەفسانەی دابەزینی (عشتار) بۆ جیهانی ژێرەوە تێدەگەین كە خوابانوو (ئینانا) دابەزی بۆ چاوپێكەتنی خوشكەكەی و دوژمنەكەی (ئیرش-كیگال) لە جیهانی ژێرەوە، پاش ئەوەی توانی حەوت دەرگای ئەو شانشینە ببڕێت، و بێ جل و بەرگ بەرانبەر خوشكەكەی (خوابانووی مەرگ) بوەستێت و، بە ئامادەبوونی حەوت دادوەر كە بە (ئەنانوكی annanuki) دەناسران، ئەمانەش هاوكاری بوون لە فەرمانڕەوایەتیدا، ئەم دادوەرانە بە چاوی مردن تەماشایان كردو ئەویش مرد، بەڵام خزمەتكارەكەی (ننشپور Ninshubur) بە پێی ڕێنماییەكانی گەورەكەی بۆ ماوەی سێ ڕۆژو سێ شەو چاوەڕوانی كرد، لە ڕۆژی چوارەمدا خزمەتكارەكەی ڕۆیشت بۆ داوای هاوكاری كردن لە خوداكانی تر، بەڵام خودای شارەكانی (نیپور و ئور) كە بریتی بون لە ئینلیل و نانا، رەتیانكردەوە هاوكاری بكەن، كەچی (ئانكی) خودای شاری (ئەریدۆ)، دوو خزمەتكاری لەگەڵدا ناردن كە خواردن و ئاوی ژیانی پێدابوون، و داوای لێكردن ئاوەكە بۆ ماوەی شەست جار بپرژێنن بەسەر لاشەی (ئینانا)،



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بە ئەنجامدانی ئەم کارە لەلایەن دوو خزمەتکارەکەوە خوابانوو گەڕایەوە بۆ ژیان، ئەفسانەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن، لەگەڕانەوەیدا بۆ جیهانی سەرەوە مێردەکەشی لەگەڵدایە لە وەرزی بەهارداو بەمەش رووەکەکان سەوز دەبنەوە (الدباغ، 1992: 255) . شایانی باسە، شاری (کوثي = تل ابراهيم)، کە ناودێریان کردبوو بە شاری مردووەکان، تەرخانکرابوو بۆ پەرستنی (ئیرش-کیگال و نیرگال) (ساکز، 1979: 392).

گومانەکان زیاتر بۆ ئەوە دەچن (کەنعانیەکان) پەرەستنی (خودای مردن) یان لە سۆمەریەکان وەرگرتبێت، و ناویشیان ناوە (مردن)، فینقیەکانی نزیک لە ئەوانیش ناودێریان کردوە بە (راشیف Resheph) واتە (وێرانکەر) و (هورون) واتە خاوەنی چاڵ، ئەمیش بە مانای گۆڕ دێت (الدباغ، 1992: 256).

لە مصری کۆندا (ئۆزیریس) خودای مردن بوە لە جیهانی ژێرەوە و فەرمانڕەوایی رۆحی مردوەکانی کردوە لە هۆڵی (داد) دا.. لە هۆڵەکەدا (ئۆزیریس) لەسەر کورسیەک دانیشتوەو سەرۆکایەتی دانیشتنەکە دەکات و لە پشتیەوە هەریەک لە (حوریس، ئیزیس، نەفتیس) وەستاون و لە تەنیشتیەوە ئەو هەشت خواوەندە وەستاون کە لە (ئەفسانەی دروست بوون) ی تایبەت بە شاری (عەین شەمس) ناویان هاتووە، خودا (ئەنوبیس Anubis) بەوەی کە نووسەری دادگاکەیە و بە هاوکاری خودا (نوت Nut)، کارەکانی مردوو دەژمێرێت و لە تەرازوودا دەیکێشیت، پاشان (ئەنوبیس) ئەنجامی کێشانەکە رادەگەیەنێت، ئەگەر دادگایی کردنەکە بڕیاری دا کە رۆح تاوانبارە، و ئەندامانی دانیشتنەکەش هەمان بۆچونیان هەبوو، ئاژەڵێکی دڕندە کە سەری سەگی هەیە هێرش دەکاتە سەری و دەیخوات.. بەڵام ئەگەر رۆح چاکەکار بوبو لە دونیادا دەخرێتە بەهەشتەوە، لەوێدا دڵخۆش دەبێت و لەسەر داری پیرۆز دەژی و لەئاوی شیرین دەخواتەوە.. بەڵام (کتێبی مردووەکان) کە لەگەڵ مردوەکەدا ئەسپەردە دەکرێت، ئەوە نیشان دەدات لەگەڵ مردوودا رێژەیەکی زۆر لە خواردن و خواردنەوەو ئامێر بە رێکراوە (الدباغ، 1992: 256).

لە نەخشەیەکی تایبەت بەجیهانی دووەم دەرکەوتوە کە هەر کەسێک بچێتە ناو شانشینی مردوان دوو رێگای کراوە بەدی دەکات، کە بۆ شانشینی چاکە (مملكه الابرار) ئاراستەی دەکەن و هەر دووکیشیان پێچاوپێچن و لەنێوانیاندا دەریایەکی ئاگر هەیە، بۆیە مردو ناتوانێت لەیەکێکیانەوە بپەڕێتەوە ئەوی ترو، چەند رێگایەکی لاوەکیش هەیە کە پێویست ناکات پێیاندا تێپەڕێت، چونکە رێگای درێژ و خواروخێچن و دەیگەیەننە ناو ئاگر، وتراویشە بەگوێرەی ئەوەی (لەکتێبی جیهانی ژێرەوە) داهاتووە، جیهانی ژێرەوە وەک دوانزە کاتژمێری شەو بۆ دوانزە بەش دابەشکراوە و ، ئاوەدانە بە خواوەندان و گیانی مردوان و لەهەر یەکێکیاندا شارێک هەیە کە خودایەک بەڕێوەی دەبات و ، وەک فیرعەون لەناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی تری وڵات دەچێت ، خواوەندی خۆریش – کە پێشتر باسکرا – لەبەشێکەوە بۆ بەشێکی تر دەگوازێتەو ، فرمان بەو خواوەندانە دەدات کە تیایاندا باڵا دەستن، بەشەکانیان بەسەردا دابەش دەکات (ارمان، 1995: 318).

لە بیروباوەڕی ئایینی گریکییەکاندا جیهانی ژێرەوە کە رۆحی مردوەکانی بۆ دەروات لەلایەن خودا (هادیس Hades)، کە لەلای رۆمانەکان بە (پلوتو) ناسراوە، و کوڕی خودا (کرۆنۆس Cronos) واتە (کات)ە ، و خوابانوو (ریا Rhea) واتە (زەوی)، کە یەکێکە لە خوابانووە مەزنەکانی (ئۆڵمپس) بەڕێوە دەبرێت (عبو و محمد، 1993: 178). خودا (هرمس Hermes)یش ئەمینداری کۆمەڵی ئۆلۆمپی پیرۆزو بە رێکەری رۆحەکانە بۆ جیهانی ژێرەوە (فرانكفورت وآخرون، 1960: 158). ئەفسانە گریکیەکان باسی ئەوە دەکەن خوابانووی خۆشەویستی (ئەفرۆدیت Aphrodite) ئاگری خۆشەویستی بۆ خودا (هادیس) داگیرسان بۆ ئەوەی دەسەڵاتی خۆی بۆ دەربخات، خودا (هادیس) خوابانوو (پرسیفۆن Persephone) ی خۆشویست کە دەکاتە کچی خوابانوو (دیمیتر)، کاتێ چوە لای


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

باوکی خودا (زیۆس) بۆ داخوازی، نە رازی بوو نە ڕەتیشی کردەوە، بۆیە (هادیس) بە گالیسکەیەک کە چوار ئەسپی رەش رایاندەکێشا کچەکەی رفاند و بردی بۆ شانشینەکەی خۆی لە جیهانی مردوەکان، خوابانوو (پریسفۆن) لە ژیانی هاوسەرێتیدا ئاسوودە نەبوو و ئەو ماوەیەی کە لەگەڵ هاوژینەکەی بوو هیچ نەدەخوارد، کاتێ دایکی بە هەواڵی رفاندنەکەی زانی گەشەی رووەکەکانی راگرت و لەوەڕگاو کێڵگەکانی تووشی وشکی کرد و داوای گەڕانەوەی کچەکەی دەکرد، بۆیە (زیۆس) ناچار بوو (هرمس) بنێرێ بۆلای (هادیس)، بۆ ئەوەی کچەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ دایکی، پێش ئەوەی مرۆڤەکان بمرن و خواوەندەکانیان قوربانیەکانیان لە دەست بدەن، بۆیە (هادیس) رازی بوو بە گەڕانەوەی کچەکە بۆ دونیای سەرەوە، بەڵام پێش ئەوە رازی کرد بەوەی تۆزی هەنار بخوات، پاش خواردنی مردوەکان بە پێی نەریت ناچار بوو چەند مانگێکی ساڵ لەوێ بمێنێتەوە ئەویش وەرزی هاوینە کە لەگەڵیدا دەگەڕێتەوە بۆ جیهانی ژێرەوە.. بۆیە گریکەکان بە بۆنەی گەڕانەوەیەوە ئاهەنگ دەگێڕن، چونکە رووەکەکان سەر لەنوێ لە کێڵگەو لەوەڕگاکان سەوز دەبنەوە.. گریکەکان بە شانشینی مردوەکان لە ژێر زەوی دەڵێن (هادیس).. لە بیروباوەڕیاندا وابوە کە رۆحەکان لەو شانشینە نیستەجێ بوونە لەناو باغی سەوز ئەگەر لە دونیا باش بوبێت، بە پێچەوانەوە چارەنوسی دۆڵە تاریکەکان بوە (علي، 1971: 279).

لە باوەڕی زەردەشتیدا هاتوە، ئەوەی شوێنی (ئەهورامزدا) بکەوێت لە پاش مردنی بەسەر ڕێگای (جینوت) دا تێدەپەڕێ و دەچێتە بەهەشت، هەر کەسێکیش بەدوای (ئەهریمەن) کەوتبێ ناتوانێ بەو ڕێگایەدا تێپەڕ بێت و دەکەوێتە تاریکیەکەوە کە هاوتای گوناهەکانی بێت، هەروەها زۆربەی عەرەبەکانی سەردەمی (جاهیلی) بروایان بە زیندوبونەوە نەبوە، بەڵکو پێیان وابوە تەنها ژیانی ئەم دونیایە هەیە و زیندونابنەوە، بەڵام هەندێکیان باوەڕیان بە زیندوبونەوە و لیپرسینەوە هەبوە لە پاش مردن (الدباغ، 1992: 257).

ئەوەی لەم تەوەرەدا باسکرا، تێبینی دەکرێت کە خەمی لە دەستدانی ئازیزان و نەگەڕانەوەیان بۆ دونیای راستەقینە و زۆرجار نەبینینی پاداشت و سزا لە هەمبەر کردەوەو هەڵس و کەوتی کەسەکان لە دۆخی ژیانداو بە مەحاڵ زانینی بێ وەڵام مانەوەی کاروهەڵس و کەوتەکانی مرۆڤ و تێپەڕبونیان بێ پاداشت و سزا، بیری مرۆڤی بۆ بونی جیهانێکی تری ژێرەوە بۆ مردوان ئاراستە بوە کە لە زەینیاندا بە شێوەی شانشینێک لەلایەن چەند هێزێکی بە خوا کراوو بەهاوکاری هێزگەلێکی تری بەرپرس لە رایی کردنی ئەرکی جۆراوجۆرو بەرێوە دەبرێت و ، تیایدا مردوان بەو ئامانج و ئاکامە دەگەیەنن کە لە دونیای زیندواندا لەبەر هەر هۆیەک بێت پێی نەگەیشتون و لە رێ ی ئەوەشەوە ئاسودەییەک بۆ مرۆڤ هاتۆتە ئارا، چونکە لەلایەک شیاوە تاکەکان بە ئامانجی پاداشت و دورکەوتنەوە لە سزا هەڵس و کەوتەکانیان بەرەو چاکە ئاراستە بکەن و لە هەمبەر ئەوەش کە لە کاتی زیندوییدا پێی نەگەیشتون هیوا بڕوا نابن. بۆ ئەوانەش بێ سزای شیاو لە هەمبەر کردەوە خراپەکانیان کۆچ دەکەن لە چاوی زیندواندا ئەرخەیان نایەنە بەرچاو و ئەوەش لە دادگایەکی دادوەرانەدا یەکلایی دەکرێتەوە.

## شەشەم: کۆبەند

بە گوێرەی ئەوەی لەسەرچاوەکاندا هاتوە تێبینی دەکرێت، کە زۆربەی خواوەندەکانی جیهانی کۆن لەکارەکانیاندا لەیەک دەچوون، هەروەک لە ئەفسانەی یەکەم دروست بوون (اول خلق)ی لای (سۆمەریەکان و مصریە کۆنەکان و گریک) دا دەردەکەوێت، گومان وایە ئەم لێکچوونە لە ئەنجامی پەیوەندی شارستانیەوە بەدیهاتوە، ئەفسانەی سۆمەری باسی ئەوە دەکات، (نامو) خوابانووی ئاوی جاویدانی کۆنترین خوداکانەو خودا (ئانو Anu=


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

ئاسمان) و (كی Ki= زەوی) دروست كردوە، بەیەكگرتنیان خودا (ئینلیل=كەش) و (نەنلیل= هەوا) دروست بوون (Oelsner, 1986: 105)، خودا (ئینلیل) بینی لە ماڵێكی تاریكدا دەژی لە نێوان باوكی لە ئاسمان و دایكی لە زەوی، هاوسەرگیری لەگەڵ خوشكەكەی (ننلیل) ئەنجامدا و كوڕێكیان بوو، ئەویش خودا (نانا Nana=خودای مانگ) كە ماڵی باوكی لەشەودا رووناك دەكردەوە.. خودای مانگیش هاوسەرگیری لەگەڵ خوابانووی خوشكی (نینگال) كرد، و خودا (ئوتو= خۆر) لەدایك بوو، كە دونیای رووناك دەكردەوە لە رۆژدا زیاتر لەوەی كە باوكی لەشەودا ئەنجامی دەدا، ئەفسانەكە دەلێت، خوابانوو (نینگال)، دوو خواوەندی تری هێنایە بوون ئەوانیش (ئینانا) و (ئیرشكیكال)، دووەمیان لەگەڵ هاوژینەكەی خودا (نیرگال) پسپۆربوون لە بەرێوەبردنی شانشینی مردوەكان و بونەوەرەكانی تر و شەیتانەكان لە جیهانی ژێرەوە و بەڵام (ئینانا) هاوسەرگیری لەگەڵ خودا (دموزی) كرد كە لە هەموو وەزری هاوینێكدا دەمرێ و لە بەهاردا دەگەرێتەوە، ئەفسانەكانی تر باسی ئەوە دەكەن كە خودا (ئانكی = ئاوەكان) هاوسەرگیری لە گەڵ خوابانوو (نانكی=ئاوەكان) كردوەو خودا (مەردۆخ) یان هیناوەتە بوون، كە لە سەردەمی (حامورابی) دا بوە سەروەری خواوەندەكان (باقر وآخرون، 1980: 13). ئەم خودایەش كوڕێكی لە دایك بوو بەناوی خودا (نابوNabu= نوسین) و ئەمینداری ئەنجومەنی خواوەندەكان بوو لەكاتی كۆبونەوەكانیاندا (الأحمد، 1988: 31-33).

ئەفسانە مصریەكان باسی ئەوە دەكەن، (نون Nun=ئاوی جاویدانی) كۆنترین خواوەندەكانەو (ئاتوم Atum=خودای خۆر)ی دروستكردوەو لەسەر گردی دروست بوون جێگیر بووە، لە كاتی پژمینی خودا ئاتوم (شو Shu=خودای با) و (تفنوت Tefnut=خوابانووی باران) دروست بوون، بە یەكگرتنیان (جیب Geb=خوابانووی زەوی) و (نوت Nut=خودای ئاسمان) هاتنە بوون و بەیەكگرتنیان خودا (ئۆزیریس) و خوابانوو (ئیزیس Isis) و خودا (ست Sit) و خوابانوو (نفتیس Nephthys) هاتنە بوون (الدباغ، 1992: 258).

هەرچی ئەفسانە گریكیەكانە، باس لەوە دەكەن زەوی و دەریا و با لەسەرەتادا تێكەڵەیەك بوونە لە جیهانێكی نا رێكخراودا و خودا (خوس Xos) و خوابانوو (نوكس Nox) بەڕیوەیان بردوە بە هاوبەشی، پاش ئەوەی كوڕیكیان پەیدابوو، بەناوی خودا (ئیروپس Iropis)، و داوای ئەوەیان لێ كرد جیهان رووناك بكاتەوە، ئەم خودایە بە زۆر دەسەڵاتی لە باوكی وەرگرت و هاوسەرگیری لەگەڵ دیكیدا ئەنجامدا، و (ئیسر Isir=خودای رووناكی) و (همیرا Himira=خوابانووی رۆژ) هاتنە بوون، بەهاوسەرگیری نێوانیان، (ئیرۆپس Iropis= خودای جوانی) لە دایك بوو، پاشان بە هاوكاری باوك و دایك و كوڕەكەی (پۆنتس Pontus=خودای دەریاكان) و (جیا Gia=خوابانووی زەوی) یان دروست كرد، دوای ئەوە خوابانوو (جیا) خودا (ئۆرانۆس Uranus = ئاسمان)ی دروست كردو هاوسەرگیری لەگەل ئەنجامدا و ژمارەیەك خودای زەبەلاحی یەك چاوو زۆرداری سەد دەستیان هێنایە بوون.. گریكیەكان بەم خودایانەیان دەگوت (تیتیان Tithonus)، ئەفسانەكە بەردەوام دەبێت و دەڵێت، باوكیان ترسی لە منالەكانی هەبوو، بۆیە گەڕاندنیەوە بۆ قوڵایی زەوی و لەوێ زیندانی كردن، خودا (كرۆنۆس Cronus=كات) یەكێك لە بچوكترین كوڕەكانی بە گوێڕایەڵی دایكی، شەڕی لەگەڵ باوكیدا كرد و بە داسێك دەستەكانی بڕی و هاتە سەردەسەڵات، لەگەڵ هاوژینەكەیدا (ریا Rhea=زەوی) فەرمانڕەوایی دونیایان دەكرد.. دوای ئەوە بە (كرۆنۆس)یان گوت یەكێك لە كوڕەكانت دەسەڵاتت لێ زەوت دەكەن هەروەكو خۆت بەرانبەر باوكت ئەنجامتدا، بۆیە بڕیاریدا هەر منداڵێكی ببێت لەناوی بەرێت و هەریەك لە (دیمیتر، هیرا، پۆسایدون Poseidonو هادیس)ی قووت دا (شعراوي، 2005: 105). پاش ئەوەی (زیوس) لەدایك بوو، دایكی بەردێكی پێچایەوەو كرۆنۆس لە جیاتی منالەكەی قووتیدا و پاشان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

دایکی لە ئەشکەوتی (دکتیا) لە دورگەی کریت حەشاریدا.. پاش گەورەبوونی جەنگی لە دژی باوکی ڕاگەیاند و ناچاری کرد براکانی و بەردەکەی کە قوتی دابوو دەریان بێنێتەوە، و بەردەکەی لە شوێنی سروش لە شاری (دلفی) دانا، و خۆی و براکانی فەرمانڕەوایەتی جیهانیان لە نێوان خۆیاندا دابەش کرد، خۆی و هاوژینەکەی (هیرا Hera) بۆ فەرمانڕەوایەتی ئاسمان و زەوی هەڵبژێردران، پۆسیدۆن بوە خودای دەریا و هادیس خودای جیهانی ژێرەوە، هلیۆس خودای هۆنراوەو موسیقا و سەما، ئیرس خودای جەنگ و هیفستۆس خودای ئاگر، ئارمتس خودای مانگ و پسپۆر لە منداڵ بوون و ڕاو، ئەسینا خوابانووی شارستانیەت، ئەفرۆدیت خوابانووی خۆشەویستی، هستیا خوابانووی کاروباری خێزانی، دیمیتر خوابانووی کشتوکاڵ، هرمس نوێنەری خوداکانی ئۆلۆمپی و چاوساغی ڕۆحەکان لەکاتی دابەزینیان بۆ جیهانی ژێرەوە (شعراوي، 2005: 525).

بەوەی لە سەرەوە خرایە ڕوو، دەردەکەوێ (نامو=خوابانووی ئاوی جاویدانی) لای سۆمەریەکان، هاوتای خودا (نون) بوە لەلای مصریەکان، و (ئانو= خودای ئاسمان) لای سۆمەریەکان هاوتای خوابانوو (نوت) بوە لە لای مصریەکان و خودا (زیۆس) بوە لەلای گریک و خودا (ژوپیتەر) لەلای ڕۆمانەکان. هەروەها خوابانوو (کی= زەوی) لەلای سۆمەریەکان هاوتای خوابانوو (جیب) بوە لەلای مصریەکان و هەردوو خوابانوو (جیا و ریا) لەلای گریک، و خودا (ئانکی= ئاوەکان) لەلای سۆمەریەکان هاوتای خودا (تفنوت) بوە لای مصریەکان و خودا پۆسایدۆن لەلای گریکەکان، هەروەها خودا (نابو)ی سۆمەریەکان هاوتای خودا (ئانوبیس)ی مصریەکان و خودا (هرمس)ی گریکەکان بوە(الدباغ، 1992: 259).

هاوسەرگیری نێوان خوداکان لە ئاینە کۆنەکاندا سیفەتێکی دیار بووە، لە ئەفسانەکانی دروستبووندا دەردەکەوێ هەر خودایەکی خاوەن کاری مەزن لە دوورگەی عەرەبی و ئەنادۆڵ و وڵاتی یۆنان و ڕۆمان هاوژینەکەی هاوبەش بوە لە جێبەجێکردنی کارەکەیدا، و بۆتە دیاردەیەکی باو کە خەڵکی ئاهەنگ بگێرن بە بۆنەی هاوسەرگیری پیرۆزەوە لە چەند ڕۆژێکی دیاریکراوی ساڵدا، تیایدا قوربانی پێشکشەشی خوداکان کراوە لەگەڵ بەرپاکردنی ڕێ و ڕەسمی تایبەت. سۆمەریەکان لە شانشینی (ئەشنۆنا) ئاهەنگیان دەگێڕا بەبۆنەی هاوسەرگیری نێوان خودا (باو Bau) و خوابانوو (نینورتا Ninurta)، لە مۆرێکی لوولەکیدا کە لە کاتی پشکنینە شوێنەواریەکانی یەکێک لە گردەکانی پارێزگای (دیالی) دۆزراوەتەوە وردەکاری ئەو هاوسەرگیریە ڕوونکراوەتەوە، کە تیایدا وێنەی شوێنی خەوتنی خوداو خوابانوو هەڵکەندراوە، بەهەمان شێوە سۆمەریەکان ئاهەنگیان بەرپاکردوە بە بۆنەوەی هاوسەرگیری نێوان خودا (دموزی) لەگەڵ خوابانوو (ئینانا) و ئەم ئاهەنگ گێرانە لەلای دوورگەییەکانی عێراق بەردەوام بوە، بە خواوەندی کشتوکاڵیان گوتوە (تەموز) و بە هاوژینەکەشیان ناودێر کردوە بە خوابانوو (عشتار) (علي، 1986: 133)، کەنعانیەکان ئاهەنگیان گێڕاوە بە بۆنەی هاوسەرگیری نێوان خودا (ئادون Adun) لەگەڵ خوابانوو (عشتروت Ashtarut) و (عليان بعل) لەگەڵ (عنات Anat) لە چەند ڕۆژێکی تایبەتدا (الماجدي، 2001: 73). حیسیەکانیش لە ئەنادوڵ ئاهەنگیان گێڕاوە بۆ هاوسەرگیری نێوان خودا (تیشوپ=کەش) و (ئەرینا=خوابانووی خۆر) ( حتي، دون تاريخ: 172). لە مصر ئاهەنگەکان لە پەرستگای (ئەدفۆ=پارێزگای ئەسوانی ئێستا) بەڕێوەدەچوو بۆ هاوسەرگیری نێوان خودا (حۆریس) و خوابانوو (ئیزیس یان حتحور) (آرموار، 2005: 15). لە وڵاتی یۆنان خەڵکی پێش هاتنی هیللینیەکان ئاهەنگیان بۆ هاوسەرگیری خوببانوو (ئەریدانی Aridani) دەگێڕا، لەسەردەمی هیللینیشدا دڵخۆشی دەردەبڕا بەبۆنەی چەژنی هاوسەرگیری نێوان خودا (زیۆس) و خوابانوو (هیرا)، هەرچی


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

رۆمانەکانیشە نەریتی ئاهەنگێڕانیان بەبۆنەی هاوسەرگیری خوداکانیان لە گریکەکان وەرگرتبوو (عبو و محمد، 1993: 182).

لە هەندێ کاتدا پاشا یاخود پیاوی گەورەی ئاینی لە پەرستگا، بە نوێنەرایەتی خودا هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی ئاینی پاکیزەدا بە شێوەیەکی راستەقینە ئەنجام دەدا، ئەم جۆرە هاوسەرگیریە بەسترابوەوە بە بیروباوەڕی ئاینی و پاشان بوە بەشێک لە رێ و رەسمی ئاینی، بۆ نمونە سۆمەریەکان، لە دوازدە رۆژی یەکەمی مانگی نیسانی ساڵی نوێدا ئاهەنگیان گێڕاوە، پیاوی پەرستگا کچێکی پاکیزەی هەڵدەبژارد کە خۆی پێشکەشی پەرستگا کردبوو، بۆئەوەی ببێتە هاوژینی پاشا لەشەوی دەیەمی جەژندا، لەم جۆرە هاوسەرگیریە پاشا رۆڵی خودا و کچەکەش رۆڵی خوابانوو دەبینن، مەبەست لەم هاوسەرگیریەو ئاهەنگێڕانە بە پیت و فەرکردنی ساڵی نوێ و زیاد بوونی بەرهەمی کشتوکاڵە، لە ئاهەنگێڕانی سەری ساڵی نوێی بابلیەکاندا، خەڵکی ئاهەنگیان بەبۆنەی زیندوبونەوەی خودا (مەردۆخ=تموز) و چاوکەوتنەوەی بە هاوژینەکەی (عشتار) دەگێڕا (باقر وآخرون: 1980: 7).

لە مصر دڵخۆش بوون ئاهەنگێڕانەکیان بە بەبۆنەی هاوسەرگیری فیرعەونەوە بوو بەوەی (حوریس)ە لەگەڵ خوابانوو (ئیزیس یان حاتحور)، لە پەرستگای خودا (زیۆس) لە شاری (طیبة)ی مصر، پیاوی ئاینی لە جیاتی (زیۆس) هاوسەرگیری لەگەل کچێکدا لە جیاتی خوابانوو (هیرا) ئەنجام دەدا لە پەرستگای خودا (ئاتس Atis) لە فریجیەی ئاسیای بچوک، پیاوی ئاینی خۆی بە (ئاتس) ناودێر دەکات و هاوسەرگیری لەگەڵ کچێکی ئاینی بە نوێنەری خوابانوو (سبیلە Spila) ئەنجام دەدات، لە ڤیستیڤاڵەکانی (ئەللوسیە)دا رێ و رەسمی تایبەت بەبۆنەی هاوسەرگیری هاوژینی سەرۆکی باڵای دەوڵەتی ئەسینیەوە لەگەڵ خودا (دیونیسۆس Dionysus) رێکدەخرێت، شاژن لەم جەژنەدا خۆی لە نیشانەی خودایەتی نزیک دەکاتەوە بۆ یەکگرتووی و خۆشگوزەرانی دەوڵەتی ئەسینی، ژنەکانیش نیشانەی خودا (دیونیسۆس) لە رێپێوانێکی گشتیدا هەڵدەگرن بەمەبەستی زیاد بوون بە پیتیەکەیان (الدباغ: 1992: 260).

ئەم ئاهەنگ و جەژنانە بەبۆنەی هاوسەرگیری خوداکان یاخود نوێنەرەکانیان، لە بڕوابوونیانەوەیە بە رۆڵی خودای بە پیتی (دموزی) و هاوبەشەکەی (ئینانا) لە وڵاتی دوو رووبار، بیروباوەڕێکە گوزارشت لە خولی کشتوکاڵی دەکات بەوەی لە وەرزی بەهاردا سەوز دەبێت و گەشە دەکات، لە هاوینیشدا وشک دەبێتەوە، ئەمەش لە وڵاتی دووروبارەوە بڵاو بوەوە بۆ شوێنەکانی تری وەک ئەنادۆڵ، قبرص، دورگەکانی دەریای ئیجە، دورگەی کریت، نیمچە دورگەی یۆنان، سەقەلیە، و رۆمان، کە شێوەی جیاوازی لە وردەکاریدا وەردەگرت، بەڵام لە بنەمادا یەک شت بوون(القطبي: 2000: 226). پێدەچێ ئەم بیروباوەڕە سۆمەریە رەگەکەی بگەڕێتەوە بۆ بیروباوەری چاخی دەرکەوتنی مێژوو یاخود بیروباوەڕیی کۆتاییەکانی چاخی پێش مێژوو لە وڵاتی دوو رووبار.

لە توێژینەوە بەراوردکاریەکاندا دەردەکەوێت، پەرستگای خوابانووەکان بەهێزترین کاریگەرییان لەسەر سۆز هەبوە، لەبەرئەوەی هەستێکی تایبەتی نەرم و نیانی زیندو دەکاتەوە، خوابانووش رۆڵی دایکێکی میهرەبان دەبینێ، خوبانوو (ئیزیس) ئەم رۆڵەی لە وڵاتی مصرو لای گریک و رۆمان بینیوە، (ئەسینە)ش لە وڵاتی یۆنان، هەروەها خوابانووەکان هەندێ جار رۆڵی پێچەوانەی رۆڵی دایکیان بینیوە، بەوەی توندو تیژ بوونە و حەزیان لە رژانی خوێن و هەڵگیرسانی جەنگ بوە، هەروەک هۆمیر ئاماژەی پێدەدات کە خوابانوو (هیرا)ی هاوژینی خودا (زیۆس)، چەندین جار لەمپەری دروست کردوە لەبەردەم هەوڵی ئاشتی نێوان سپارتەو تەروادە. بە هەمان شێوە خوابانوەکان


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

هانی داوێن پاکیان داوە لە پەیوەندی خێزانداریدا لە ئاسیای بچووک و کریت و قبرص و دوورگەکانی ئیجە و نیمچە دورگەی یۆنان (الدباغ، 1992: 261).

کۆنترین نمونەکان لە چاخە مێژووییەکاندا دەربارەی پەرستنی خوابانووەکان، بریتیە لە پەرستنی خوابانوو (ئینانا) ی سۆمەری لە شاری (ئەریدۆ) و شارەکانی تری وڵاتی دوو ڕووبار، تا ئەو رادەیەی ئاشوریەکان پلەیان بەرز کردەوەو بە (عشتار) ناودێریان کرد، و گرنگیەکەی لەلایەن پاش خواوەندی نەتەوەییان (ئاشور) دەهات و بە خوابانووی جەنگیان دادەنا و لە وێنە هونەریەکانیاندا چەکداریان دەکرد بە شمشێرو تیرو کەوان (باقر وآخرون، 1980: 15).

سەرەڕای ئەو کاریگەرییە بەهێزانەی لە پەرستنی خوابانووەکان هەبوە، کەچی لە بیروباوەڕی زۆربەی ئەو گەلە کۆنانەی کە لە نیمچە دورگەی عەرەبیەوە کۆچیان کردبوو ڕۆڵی لاوەکیان هەبوە و پلەیان لە خوداکان (نێر) کەمتر بوە، پێدەچێ لێکدانەوەی ئەم دیاردەیە بگەڕێتەوە بۆ دەرکەوتنی ڕۆڵی پیاو زیاتر لە ژن لای ئەو گەلانە. مانگ خودای سەرەکی بوە لایان لە کاتی گەرۆکیاندا، و خوداکانی (ئەدەد، ئورمانو، بەعل) هەموویان نێر بوونە لای ئاموریەکان، کەنعانیەکان پەرستنی (بەعل)یان لە ئاموریەکان وەرگرتوەو بە (ئیل) ناودێریان کردوە و پەرستنی ئەم خودایە گواستراوەتەوە بۆ ئارامیەکان بەناوی خودا (ئەدەد یان ریمون)، بەهەمان شێوە ئارامیەکان ژمارەیەکی تر خودایان پەرستوە لە نمونەی (شمین و علیان بەعل) (الماجدي\1، 1999: 41) . لە وڵاتی دوو ڕووبار دورگەییەکان پەرەستنی خودا نێرەکانیان لە سۆمەریەکانەوە وەرگرتوە لە نمونەی (ئان، ئەنلیل، سین، شمش، تموز، ننجرسو،نینورتا، نیرگاڵ، ئاشور، مردۆخ و نابو لەناو عەرەبی پێش ئیسلام پەرستنی خودای نێر زیادی کرد لە نمونەی (هوبەل، سواع، یەغوس، یەعوق، نەسر، مناف، سعد، جریش، رحب، عیوەز، زەریح، عەوف، قەزح، غەنەم، نەهم، ئەساف، یەعبوب، ئەسحەم، شاریق، عەبعەب، ئەشهەل، عمیانس، حەلال، ئەوال)، هەرچی خوابانوەکانە، زۆر کەم بوونە و گرنگترینیان (لات، عوزا، مەنات، نائلە، رضا). خودا (یەهوە)ش کە نێر بوە لای عیبرانیەکان و بەتایبەتی لە ناوچەکانی باکور تایبەتمەندی خودا (بەعل)ی کشتوکاڵی بەدەست هێناوە و بەناوی ئەوەوە پیرۆزیان کردوە و مناڵەکانیان بەو ناوەوە ناوەوە ناودێر کردوە، بۆ نمونە پاشا شائول ناوی کوڕەکەی ناوە (ئەشعەل) واتە پیاوی بەعل، و پاشا داود کوڕەکەی ناودێر کردوە بەناوی (بەعل یەداع) واتە بەعل دەزانێ (الدباغ، 1992: 262).

لە ئەفسانەکانی مصری کۆنەوە تێدەگەین کە زۆربەی ئەو خواوەندانەی گرنگی هەیە بۆ کاروباری مرۆڤ نێرن وەک (نون= خودای ئاوەکانی جاویدانی)، (ئاتوم=خودای خۆر) کە پێشی گوتراوە (رع، خفرع یان حۆریس)، هەروەها (ئۆزیرۆس= خودای جیهانی ژێرەوە)، (حابی = خودای نیل)، (شو = خودای کەش)، (جیب =خودای زەوی)، (مین =خودای ژیانی خێزانی)، (تحوت =خودای زانین و جادو)، (ئامون =خودای دروستکەر) لە (تیبە)، (بتاح= خودای دروستکەر) لە (مەمفیس)، (معات= خواوەندەی حەقیقەت یان ڕاستی) و (ئەنوبیس= ئەمینداری ئەنجومەنی خواوەندەکان)، هەرچی خوابانوەکانە، ژمارەیان کەمە، وەکو (ئیزیس =خوابانوی دایکایەتی)، (حاتحور=خوابانوی خۆشەویستی)، (نوت =خوابانوی ئاسمان)، (تفنوت =خوابانوی باران) و (نایس = خوایانوی ڕاو) (القماطي، 2003: 71–72).

لە ئەنادۆڵ تێبینی ئەوە دەکرێت یەکسانی هەیە لە نێوان خوداو خوابانوەکان ئەمەش بەدی دەکرێت لە هەڵکۆڵینەکانی (بۆغازکۆی) و (حاتوشاش)، و لە نامەکانی (تل العمارنە)دا کە لە نێوان پاشاکانی مصر و حیسیەکاندا ئاڵوگۆڕکراوە (الشمس، 2003: 149–150).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

لە نیمچە دورگەی یۆنان، لە کۆمەڵەی خواوەندەکانی ئۆلمپس خوداکان ژمارەیان زۆرترە لە لە خوابانوەکان، هەروەک (زیۆس) خودایەکی نێرەو لە هەرەمی سەرەوەی خوداکانی ترەو چونکە خودای گەردون و رەشەباو بارانە، لەگەڵیشیدا چەندین خودای تر هاوکاری دەکەن وەک (پۆسیدۆن= خودای دەریا) ، (هیدس =خودای جیهانی ژێرەوە)، (هلیۆس= خودای خۆرو هۆنراوە)، (ئەپۆلۆ= خودای مۆسیقا)، (ئیرس= خودای جەنگ)، (هیفستۆس= خودای ئاگر)، (هرمس= نێردەی کۆمەڵەی خوداوەندەکان). بەڵام خوابانوەکان وەک (ئارتمس= خوابانوی لە دایک بوون)، (دیمیتر= خوابانوی کشتوکاڵ)، (هستیا =خوابانوی خێزانی)، (ئەسینا =خوابانوی شارستانیەت) و (ئەفرۆدیت=خوابانوی خۆشەویستی و جوانی) (شعراوي: 2005: 205و 247 و 403).

هەرچی رۆمانە زۆر پەیوەستن بە (ژۆپیتەر= خودای باران)، (مەریخ =خودای جەنگ)، (زوحەل= خودای کشتوکاڵ)، (عەتارد= خودای بازرگانی)، (هرکلیس=خودای دلخۆشیەکان)، هەرچی خوابانوەکاندا کەمتر بایەخیان هەبوە وەک (یونو= خوابانوی هاوسەرگیری)، (منیرفا= خوابانوی زانین)، (ڤینۆس=خوابانوی خۆشەویستی و جوانی) و (دیانا= خوبانوی لە دایک بوون)، شایانی باسە، لە ئاینە کۆنەکاندا خواوەندی رەبەن و پاکیزە نەپەرستراوە، ئەوەی باو بوو لە بیروباوەڕی هاوبەش دانەراندا دەبێ خودا لە زۆربەی دۆخەکاندا هاوژینی هەبێت، ئەم هاوژینەش خوابانوە و هاوکاری دەکات لە سەرپەرشتی کردنی کاروبارەکانی گەردون و ژیان (الدباغ: 1992: 263).

لە لێکۆڵینەوە بەراوردکاریەکاندا بۆ ئاینە کۆنەکان دەردەکەوێت، ئەفسانەکانی سۆمەری گەلانی دورگەیی و مصری و گریکی لە رەگەزە سەرەکیەکاندا هاوبەشن دەربارەی دروست بوونی جیهان و لە دایک بوونی خواوەند و جەنگەکانی و جیهانی ژێرەوەو مردن و زیندوبونەوەی خودای بە پیتی، هەروەها ئەفسانەکانی سۆمەری لەگەڵ ئەفسانەکانی گریکدا هاوبەشن لە رووداوی لافاودا، ئەمە جگە لەوەی داستانەکانی هەردوولا هاوبەشن لە دانانی شکۆ و گەورەیی بۆ ئەوانەی دەولەتیان بەرێوە بردوە (الدباغ:1992: 247).

ئاینە بتپەرستەکان لە هاوبەشی دانان و فرەخواوەندی و پێدانی سیفەتی مرۆیی لە یەکتری دەچن و بەوە جیادەکرێنەوە خوداکانیان نەمرن و هەندێ جار بە شێوەیەکی کاتی دەمرن وەک خوای بە پیتی، بەڵام هەندێ لە ئاینەکانی نیشتمانی عەرەبی خوادیەکی دیاریکراو دەپەرستن لە نێوەندێکی هاوبەشی داناندا بە شێوەیەکی گشتی بۆ نمونە ئەخناتون خودای ئاتون و حامورابی مردۆخ و موسی یەهوەیان پەرستوە، و هیچ شوێنەوارێکی لەم جۆرە تاک پەرستنە لای حیسی و حوری و گریک و رۆمانەکان نەدۆزراوەتەوە (حاطوم وآخرون، 1964: 195).

لە عێراقی کۆندا سەرۆکی دەوڵەت بە پیرۆز وەسف کراوە (حاطوم وآخرون، 1964: 195)، چونکە نوێنەری خودایە لەسەر زەوی و هەندێ کاتیش بە خودا دانراوە وەک ئەوەی لە مصردا هەبو، بەلام گریکەکان هیچ سیفەتێکی پیرۆزو خودایيان بە پاشاکانیان نەداوە لە ماوەی زیندوبونیان، کەچی لە پاش مردنیان؛ ئەوانەی هەڵوێستی قارەمانانەیان نواندوە پەرستراون، هەرچی رۆمانەکانیشن هەندێ لە ناوی پاشاکانیان خستبوە لیستی خوداکانەوە و لە پشت ئەم دیاردەیەوە ئامانجێکی سیاسیان هەبو؛ ئەویش مانەوەی هەرێمەکان بو لە سەر ئینتیمایان بۆ ئیمپراتۆریەت و پاڵپشتیکردنی دەسەلاتی رۆمانی، شایانی باسە ئەم جۆرە پەرستنە کەسی پابەند نەدەکرد بە نوێژ کردن و پەرستنی پاشاکانیان، بەڵکو لە کرۆکیدا مانای پێکەو لکاندیان بو بە روالەتەکانی شکۆمەندی و رێزلێنانەوە (عمران وسليم، دون تاريخ: 64و 16و 134).


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

بەگشتیش لەمیانەی خوێندنەوەی ئەو سەرچاوانەی بۆ باسی ئایینە دێرینەکان تەرخان کراون دەردەکەوێت، کە خوداکان لەسەرجەم بیروباوەڕە ئاینیەکانی کۆندا بە دادگەرو باشەو میهرەبانی و پارێزەری تاکەکان و دەوڵەت لە مەترسیەکان باس کراوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەندێکیان لە هێزی خراپەو وێرانکەر لە گەردەلول و لافاوو بومەلەرزەو نەخۆشی و برسێتیدا دەردەکەون، بیروباوەری ئاینی لای سەرجەم کۆمەڵگە کۆنەکان هێزێکی کۆمەلایەتی و سیاسیە و چوارچێوەیەکی گشتیە بۆ هەموو پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان و سەرجەم ڕێکخستنە خێزانی و حکومیەکان، هەروەها ناولێنانی منالّ بەناوی خوداکانەوە لە کۆمەلگە کۆنەکان باو بوە و مەبەست لێی پارێزگاری کردن بوە لە منالّەکەو نمونەی زۆر هەیە باسی لێبکەین وەک : نرام سین و ئاشور ناصر بال و ئاشور بانیبال و شمشي ئەدەد لە عێراق، علیا بەعل لە سوریاو هانی بعل وهانیبال لە قرتاجەو امنحوتب و اخناتون و ڕەمسیس لە مصر و تلبینۆ لە ئەنادۆل و دیمتریوس و هیرادوتس ئەپۆلۆ دۆرس لە یۆنان (الدباغ، 1992: 264).

لە بواری قوربانیکردنیشدا ڕێ و ڕەسم و دروشمی لێکچو هەیە لە وڵاتانی عەرەبی و ئەنادۆڵ و کۆمەڵێک دورگەی ئیجی و نیمچە دورگەی یۆنان و وڵاتی ڕۆمان لە روی شێوەو نیازو ڕێ و ڕەسم و پێشکەشکردنەوە. لە سەردەمە یەکەمینەکاندا ئاژەڵی جۆراوجۆری کێوی و ماڵی لە کوشتارگە کراونەتە قوربانی، سەرەرای پێشکەشکردنی قوربانی وەک دانەوێڵە و میوەو هەنگوین و زەیت وماست، هەروەها پێشکەشکردنی شەراب بۆ خوداکان لە پەرستگاکان ڕێگە پێدراو بوە لە بۆنە ئاینیەکاندا، خودا شمش لەگەڵ ئەوانەی لە پەرستگا ئامادەبونە بەشدار بوە لە خواردنەوەی شەراب لە جەژنە ئاینیەکاندا (حاطوم و آخرون، 1964: 450-452).

بەگوێرەی دەقێکی ئاینە یەکتاپەرستەکان باسی ئەوە دەکرێت خوا یەهوە شەراب دەخواتەوە، و تێبینی ئەوە دەکەین هەمان شت لە پەرستنەکانی سومەری و مصریە کۆنەکان و ئەو گەلانەی لە نیمچە دورگەی عەرەبیەوە هاتون بۆ عێراق و وڵاتی شام و فەلەستین، دەبینین هادیس خودای جیهانی ژێرەوە لەلای گریک شەراب لە قوربانیەکانی تر بەباشتر دەزانێ، یۆنانیەکان لە جەژنەکانی دیونیسۆس لەگەڵ خودا باخۆس بەشدار دەبن لە خواردنەوەی شەراب و زیادیش لە پێویست دەخۆنەوە، ئاژەڵە باشترینەکان بۆ کوشتنەوە لە بۆنە ئاینیەکاندا بریتی بون لە مەڕو مانگاو گوێرەکە و بەران و ئاسک و حوشتر، بەڵام بەراز گۆشتەکەی ڕێپێنەدراو(حرام) کرابو لەلای دورگەییەکان و کوشتنەوەشی بۆ خوداکان هەر ڕێپێنەدراو کرابو، بەڵام گریکەکان گۆشتەکەیان دەخواردو دەیانکردە قوربانی بۆ خوداکان، بەڵام بەرازی کێوی گۆشت و کوشتنەوەشی لە پەرستگاکانی داگیرگە گریکیەکان لە دورگەی کریت و ئەنادۆل و وڵاتی یۆنان بە ڕێپێنەدراو(حرام) سەیرکراوە، مێژوی ئەم ڕێپێنەدرانەش دەگەڕێتەوە بۆ چاخی مینی لە وڵاتی یۆنان (الدباغ، 1992: 265).

هەرچی خودی قوربانیەکانە سێ جۆری سەرەکی بون، هەندێ لەو قوربانیانە بۆ خوداکان بەمەبەستی خۆلادان بوە لە تورەیی یان بەدەست هێنانی ڕەزامەندی لەکاتی ئەنجامدانی تاواندا یاخود بۆ سوپاس کردنی بوە لەسەر چاکەکانی. جۆرێکی تریان ئامادەکردنی گۆشت بوە لەلایەن تاکەوە یاخود بە کۆمەڵەک لەگەڵ خوداکاندا لە چێشت خواردنێگی تایبەت یان گشتیدا بۆ بەهێز کردنی هەستکردن بە ئینتمای ئاینی. قوربانیەکی تر خۆی لە خودی خودادا دەبینیەوە، گۆشتەکەی لەلایەن کەسێکەوە یان کۆمەلێکەوە لە چێشتخواردنێکی تایبەت یان گشتیدا، ئەم جۆرەیان خواردنەوە پیرۆزەکانیش دەگرێتەوە و مەبەست لێی ئەوەیە رۆحی خوداکان بچێتە جەستەی مرۆڤەوەو یەکگرتن لەگەڵ یەکتریدا، ئەم سێ جۆرە لە قوربانیکردن لەکاتی خۆیدا ناسراو بوەو جۆری یەکەمیش بۆ ئەو مەبەستانی کراوە کە باسکران. بەڵام ئەو قوربانیانەی تاک یاخود کۆمەڵێک بەشداربیان لە خواردنی گۆشتدا دەکرد

بە شێک بوە لە ڕێ و ڕەسمی فەرمی دەوڵەت و چێشتخواردنەکە لە دەوروبەری شوێنی سەربڕینی پەرستگادا ئەنجام دەدرا هەموان لە خواردنەکەدا بەشدارییان دەکرد و ڕێگەپێنەدراو بوە هیچ کەسێک لەو خواردنە بەرێتەوە بۆ ماڵەوە، مەبەستیش لەم قوربانیکردنە بەشداری کردنی تاک بوە لەگەڵ خوداکان لە خواردن و دەستکەوتنی خێرو خۆشیەکەی. هەرچی جۆری سێیەمە خۆی لە کوشتنەوەی ئاژەڵێکدا دەبینێتەوە بەبەرجەستە کردنێکی هێمایی خوداکان دانراوە، لێرەدا گایەک براوە بۆ کوشتارگەی خودا زیۆس بۆ ئەوەی گەنم بخوات پاشان گایەکە لە دوای خواردنی گەنم گایەکە کوژراوەتەوە بەوەی رۆحی خودای خواردوەو پاشان هاوڵاتیان بەشداربونە لە خواردنی گۆشتەکەی، بەهۆی ئەوەی گا و گەنم بەرجەستەکراوی هێمایی خودا بوونە، ئەوا هەرکەسێک لە گۆشتەکەی بخوات وەک ئەوە وایە خودای خواردبێ، بەمەش پەیوەندییەکانی لەگەڵدا باش بوە یاخود یەکیانگرتوە (الدباغ، 1992: 265).

قوربانیە مەترسیدارەکان لە مێژوی ئاینە کۆنەکاندا بریتی بوو لە قوربانی کردنی مرۆیی، ئەم جورە لە سەردەمی ئاخیەکاندا لە یۆنان ناسراوبوە، هۆمیر باسی ئەوە دەکات پاشا ئاگاممنون کچەکەی بەناوی ئەفجینیا کردۆتە قوربانی بۆ خودا زیۆس بۆ ئەوەی با هەلبکات و پاڵ بە کەشتیە یۆنانیەکانەوە بنێت کە بە ڕێگاوە بوون بۆ داگیرکردنی تەروادە، ئەمەش بوە مایەی توڕەکردنی هاوژینەکەی کلنمنسترا و تۆڵەی لە پاشا کردەوە، یۆنانیەکان قوربانی مرۆییان بۆ خودا زیۆس ئەنجام دەدا هەرکاتێ توشی برسێتی زۆر بهاتنایەتەوە، باسی ئەوەش دەکرێ هەندێ کەسی رۆمانی خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ خوداکانیان، ئەم نەریتە تا کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینی بەردەوام بوەو، لە ساڵی 97 زاینی یاسا بۆ قەدەغەکردنی دەرکرا، شایەنی باسە ئەم جۆرە لە قوربانیکردن بە هیچ شێوەیەک لە عێراقی کۆندا نەکراوە (الدباغ، 1992: 266).

گومانیشی تێدا نی یە کە قوربانی کردن دەشێ بۆ خۆ لادان لەتوڕەیی خوداکان یان بەدەستهێنانی ڕەزامەندیان لەکاتی ئەنجامدانی تاوان، یاخود بۆ سوپاس کردنیان بووبێ لەسەر چاکەکان و، لەهەندێک کاتدا لێخۆشبون لە تاوانی یەکێک کراوەتە ئامانج و هەندێک جاریش بۆ ژیانی نەخۆشێک لەسەرەمەرگدا ئەنجام دراوە، جۆرێکیش کە وەک قوربانی سوێند لەهەندێ وڵاتی عەرەبی ناسراوە، و گریکەکان گواستویانەتەوە بۆ وڵاتی خۆیان، وەک هەڕەشە بۆ نیشاندانی چارەنوسی سوێند شکێن ئەنجام دراوە، چونکە لەمەراسیمی سوێند لە سەر شتە بەمەبەستگیراوەکەو و دوای کوشتنەوەی ئاژەڵەکە، لایەنەکان ڕایدەگەیەنن کە چارەنوسی ئەم ئاژەڵە کوژراوە چارەنوسی هەرکەسێکە پێچەوانەی سوێندەکەی بیت، بۆ نمونەش باسی سویندی (مانی ئیلۆ)ی حاکمی ئەرباد دەکرێت بۆ پاشای ئاشوری ئەدەد نیراری سێیەم (810– 783 پ.ز)، کەپاش کوشتنەوەی مەڕێک گوتی: ئەمە سەری مەڕەکە نیە بەڵکو سەری مانی ئیلۆ و کوڕو پیاوە گەورەو خەڵکەکەی دەبێ ئەگەر پێچەوانەوەی سوێندەکەی جوڵایەوە، گریکەکانیش هەندێک کات لەدوای کوشتنەوەی ئاژەڵەکە وتویانە: هەمان چارەنوس چاوەڕوانی هەرکەسێکە گەواهی درۆ بدات، پاشان شەرابیان لە دەفر دەکرد و ڕایاندەگەیاند: هەرکەسێک پەیمان بشکێنێ مێشکی بەتاڵ دەبێتەوە وەک بەتاڵ کردنەوەی ئەم شەرابە لەم دەفرەدا، زۆر جاریش بۆ فاڵگرتنەوەو پێشبینی کردنی نەزانراوەکان، قوربانی کراوە و لەپاش کوشتنەوەی ئاژەڵەکە بۆ لێکدانەوەی داهاتوی مرۆڤ یان داهاتوی ڕوداوەکان وجادوگەرە شارەزاکان سەیری جگەرو گەدەیان دەکرد، ئەم جۆرە لە قوربانیکردن لای بابلی و ئاشوری و کلدانیەکان و وڵاتی شام و عەرەبی سەردەمی نەزانی ناسراو بوە، بەڵام لە وڵاتی یۆنان پێش سەدەمی هۆمیر ناسراو نەبوە بەڵکو گریکەکان لە بابلیەکان فێر بون و ڕۆمانەکانیش لە گریک وەریان گرتوە، مەترسیدارترین جۆری قوربانی کردنیش، لە مێژوی ئاینە کۆنەکاندا قوربانی کردنی مرۆیی بوە، ئەم جۆرە ئەگەرچی بەهیچ شێوەیەک لە



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

عێراقی کۆندا نەکراوە بەڵام لە یۆنانی سەردەمی ئاخیەکاندا ناسراوبووە و، هۆمیرۆس باسی کردووە، دواتریش لەناو یۆنانیەکان پەنای بۆ براوە وباسی ئەوەش دەکرێ هەندێ کەسی ڕۆمانی خۆیان کردۆتە قوربانی بۆ خوداکانیان، ئەم نەریتە تا کۆتایی سەدەی یەکەمی زایینی بەردەوام بوەو لە ساڵی 97 زاینی یاسا بۆ قەدەغەکردنی دەرکرا (الدباغ :1992: 266-267).

لە هەموو ئەوانەی لە کۆبەندا باسکراون دەکرێ لەوەدا پوخت بکرێتەوە کە پەرستراوەکان لە رووی سۆزداری و هاوسەرگیری و کاروباری بەڕێوەبردن ... تد، هاوشێوەی مرۆڤ بوون و لە هەر کۆمەڵگایەکیشدا بەپێی سروشتی پێکەوە هەڵکردنی مرۆڤەکان و پێدانی ڕۆڵ و دابەش کردنی ئەرک و مافەکان لە نێو دانیشتواندا خواوەندەکان رۆڵیان بینیوە و ، بۆ نیشاندان و یادکردنەوەی ئەوەش کە لە خەیاڵدانی دانیشتواندا پەرستراوەکان ئەنجامی دەدەن لە بۆنەو ئاهەنگی تایبەت بە شێوەی نواندن گوزارشتی لێ کراوە و، هەموو ئەوەش کە لە ژیانیاندا پیادەیان کردوە وا لێکدراوەتەوە کە پێشتر لەلایەن خوداکانەوە ئەنجام دراوەو بەهۆی ئەوەش کە ئەوان باڵا دەستن بەسەر ئاراستەی ژیان گوزەراندن و چارەنوسی ئایندەیان پێویستە لاساییان بکەنەوەو، ئەوە ئەنجام بدەن کە پێشتر خواوەندەکان ئەنجامیان داوە.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## ئەنجامەکان:

پاش خستنە ڕوی توێژینەوەکەمان، گەیشتینە چەند ئەنجامێک، لەم خاڵانەی خوارەوە کورتی دەکەینەوە:

1. بەهۆی ئەوەی ئایین پانتاییەکی گرنگی لە ژیانی گەلانی کۆن داگیرکردوە، دەکرێ توێژینەوە لە ئاینی هەرگەلێک مێژووی ئەو گەلە روونتر بکاتەوەو ئاستی بیرکردنەوەی تاکەکانیشی دەربخات.
2. ئەگەر دیاردەکان روون و راستەخۆش ئاماژەی پێنەدرێ، دەکرێ توێژەران لە رێی جیماوە بەردەستەکان و ئەفسانە دروست کراوەکانەوە لە بڕوای رابردوان و مەبەستی پشت ئەو بڕواو جێماوانە تێبگەین.
3. لێکچوونی پەرستراوەکانی نێوان ناوچە جیاجیاکان سەرەرای کاریگەری بەریەککەوتنی جۆراوجۆر، دەشێ بەهۆی گەیشتنی ئەو گەلانە بەیەک ئاستی زانین وەک یەکیی بیرکردنەوەیان هەبێت.
4. جیاوازی ریزبەندکردنی پێگەی پەرستراوەکان لە کۆمەڵگە جیاجیاکاندا بەڵگەی جیاوازی پەرەسەندنی بیرو رادەی توانا شکانی خۆ گونجاندنی دانیشتوانە لەگەڵ ژینگەی گوزەرانیاندا.
5. پەرستراوەکان رەنگدانەوەی کاریگەری دیاردەکانن لەسەر ژیانی رۆژانەی دانیشتوان و ئەو ئاکامانەی بۆ لێبەهرەمەندبونیان بە خەمن و بۆ لە دەستدانیشیان دەترسن.
6. زۆر لەو پەرستراوانەی لە گشتدا هاوتاو لە یەکچوون، لە وردەکاری و سروت و رێ و رەسم و پەرستش و رازی کردنیان بە پێی ژینگەو بیرکردنەوەی ناوچەکانیان ئاستی زۆر بەریەککەوتنیان لەیەک جیاوازن.
7. لە نێو بیروباوەڕە ئاینیەکاندا، پەرستراوەکان بە شێوەی مرۆڤ وێناکراون و هەمان ئەو هەستانەیان تێدا بەرجەستە کراوە کە مرۆڤ لێی بەهرەمەندە.
8. بوونی رەگەزی نێرو مێ لە نێو پەرستراوەکاندا رەنگدانەوەی راستەقینەی رۆڵی هاوبەشی نێوان ئافرەت و پیاوە لە کۆمەڵگە دێرینەکاندا.
9. بە تێڕوانین لە بیروباوەڕی ئایینی جیهانی کۆن و رۆڵی خواوەندەکان لە رایی کردنی کاروباری گەردونداریشەی زۆر بیروباوەڕو رێ و رەسمی پەرەسەندوی ئێستا بە دی دەکرێت.
10. لەسەرجەم ناوچەکاندا بۆ ئەوەی رۆڵی خواوەندەکان و ئەرکیان لە کۆمەڵگەدا هەست پێبکرێت و بە جوانی و جێی سەرەنج دەربکەوێت و پراکتیزە بکرێت، لە چوارچێوەی چیرۆک و ئەفسانەدا رێکخراون و خراونەتە روو.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم: سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی و وەرگێڕدراو

1. القرآن الكريم.
2. الأحمد، سامي سعيد. (1988)، المعتقدات الدينية في العراق القديم، الطبعة الأولى، بغداد.
3. ارمان، ادولف. (1995)، ديانة مصر القديمة، القاهرة: مكتبة مدبولي، ترجمة: عبد المنعم ابوبكر و محمد انور شكر.
4. آرموار، روبرت. (2005)، آلهة مصر القديمة وأساطيرها، الطبعة الأولى، القاهرة: المجلس الأعلى للثقافة، ترجمة: مروة الفقي. مراجعة : محمد بكر.
5. باقر، طه و آخرون. (1980)، تاريخ العراق القديم، الجزء الثاني، بغداد: مطبعة جامعة بغداد.
6. باقر، طه. (1986)، مقدمة في تاريخ الحضارات القديمة الوجيز في تاريخ حضارة وادي الرافدين، الطبعة الثانية، الجزء الأول، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة- آفاق عربية.
7. بترى، آ. (1977)، مدخل الى تاريخ الأغريق وأدبهم واثارهم، الموصل: دار الكتب للطباعة والنشر، ترجمة: يوئيل يوسف عزيز.
8. بوتيرو، جان. (1990)، بلاد الرافدين، الكتابة-العقل- الالهة، الطبعة الأولى، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة، ترجمة: الأب ألبير أبونا. مراجعة: وليد الجادر.
9. حاطوم، نور الدين، و وآخرون. (1964)، موجز تاريخ الحضارة، حضارات العصور القديمة، الجزء الأول، بيروت: مطبعة العروبة.
10. حتي، فيليب. (دون تاريخ)، تاريخ سورية ولبنان وفلسطين، الطبعة الثالثة، الجزء الأول، بيروت: دار الثقافة، ترجمة: جورج حداد و عبد الكريم رافق، مراجعة: جبرائيل جبور.
11. الدباغ، تقي. (1985)، الثورة الزراعية والقرى الأولى، (حضارة العراق)، الجزء الأول، بغداد: دار الحرية للطباعة.
12. الدباغ، تقي. (1992)، الفكر الديني القديم، الطبعة الأولى، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.
13. الراوي، فاروق ناصر. (1983)، الصراع خلال الألف الأول قبل الميلاد (933-331 ق.م)، الصراع العراقي الفارسي، بغداد: دار الحرية للطباعة والنشر.
14. رشيد، فوزي. (1985)، الديانة المعتقدات الدينية، (حضارة العراق)، الجزء الأول، بغداد: دار الحرية للطباعة.
15. رشيد، فوزي. (1994)، "المسرح في العراق القديم"، مجلة آفاق عربية، العدد 61.
16. ساكز، هاري. (2006)، عظمة بابل (موجز حضارة بلاد وادي الرافدين القديمة) ، الموصل: ترجمة: عامر سليمان، دار الكتب للطباعة والنشر.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

17. سعد الله، محمد علي. (2003)، دراسات في تاريخ الشرق الأدنى القديم الدور السياسي للملكات في مصر القديمة، الاسكندرية: مركز الاسكندرية للكتاب.

18. سعفان، كامل. (1999)، معتقدات آسيوية، الطبعة الأولى، القاهرة: دار الندى.

19. سعيد، حبيب. ( دون تاريخ)، أديان العالم، القاهرة: دار التأليف والنشر للكنيسة الأسقفية.

20. سليمان، عامر. (1983)، جوانب من حضارة العراق القديم، (العراق في التاريخ)، بغداد: دار الحرية للطباعة.

21. سيف الدين، إبراهيم نمير وآخرون. (1998)، مصر في العصور القديمة، الطبعة الثانية، القاهرة: مكتبة مدبولي، مراجعة: محمد شفيق غربال.

22. الشاكر، فاتن. (2002)، رموز أهم الآلهة في العراق القديم دراسة تأريخية دلالية، رسالة ماجستير غير منشورة، الموصل: كلية الآداب.

23. شعراوي، عبد المعطي. (2003)، أساطير اغريقية ، الطبعة الثالثة، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

24. شعراوي، عبد المعطي.(2005)، أساطير اغريقية الآلهة الكبرى، الجزء الثالث، القاهرة: مكتبة الانجلو المصرية.

25. شلبي، أحمد. (1984)، أديان الهند الكبرى: الهندوسية– الجينية– البوذية، القاهرة: مكتبة النهضة العربية.

26. شلحت، يوسف. (2003)، نحو نظرية جديدة في علم الإجتماع الديني، الطبعة الأولى، بيروت: دار الفارابي، تحقيق وتقديم: خليل احمد خليل.

27. الشمس، ماجد عبد لله . (2003)، الحضارة والميثولوجيا في العراق القديم، بحوث ودراسات الاسطورة، اصل النوروز الطبعة الأولى، دمشق.

28. صالح، قحطان رشيد. (1987)، الكشاف الأثري في العراق، بغداد: دار الكتب للطباعة والنشر.

29. عباينة، محمد ابراهيم عبد الحميد. (1994)، بعل شمين عند الساميين، رسالة ماجستير غير منشورة، جامعة اليرموك.

30. عبو، عادل نجم و محمد، عبد المنعم رشاد. (1993)، اليونان والرومان دراسة في التاريخ والحضارة، الموصل: دار الكتب للطباعة والنشر.

31. عكاشة، علي وآخرون. (1991)، اليونان والرومان، الطبعة الأولى، عمان: دار الأمل للنشر والتوزيع.

32. علي، عبد اللطيف احمد. (1971)، تاريخ اليوناني، العصر الهلادي، الجزء الأول والثاني، بيروت: دار النهضة العربية.

33. علي، فاضل عبد الواحد. (1986)، عشتار و مأساة تموز، الطبعة الثانية، بغداد: دار الشؤون الثقافية العامة.

34. عمران، محمود سعيد، و سليم، أحمد امين. ( دون تاريخ)، النظم السياسية عبر العصور، بيروت: مكتبة كريدية اخوان.


DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

35. عزيب، جاسم محمد. (2008)، المعرفة ومراحل الخلق وتأثيرها على فلسفة التاريخ، بغداد: مكتبة المجد.

36. فرانكفورت، هـا وآخرون. (1960)، ما قبل الفلسفة، الإنسان في مغامرته الفكرية الأولى، بغداد: منشورات دار مكتبة الحياة، ترجمة: جبرا إبراهيم جبرا، مراجعة: محمود الأمين.

37. فيلهلم، جرنوت. (2000)، الحوريون : تاريخهم وحضارتهم، الطبعة الأولى، حلب: دار الجدل، ترجمة وتعليق: فاروق اسماعيل.

38. قابلو، جباغ و سمير، عماد. 2007-2008، تاريخ الوطن العربى القديم (بلاد الرافدين- سورية –مصر)، دمشق: منشورات جامعة دمشق.

39. قاشا، سهيل. (2010)، عراق الأوائل حضارة وادي الرافدين من 5000-500 ق.م، الطبعة الأولى، بيروت: العارف للمطبوعات.

40. القطبي، مهند عاشور شناوه. (2000)، مجمع الآلهة في حضارة وادي الرافدين في ضوء النصوص المسمارية، رسالة ماجستير غير منشورة، بغداد: كلية الآداب.

41. القماطي، هنية مفتاح. (2003)، الفكر الديني القديم: دراسة في نشأة المعتقدات الدينية، الطبعة الأولى، بنغازي: منشورات جامعة قار يونس.

42. لابات، رينيه و آخرون. (2006)، سلسلة الأساطير السورية ديانات شرق الأوسط، الطبعة الثانية، ترجمة: مفيد عرنوق، دمشق: دار علاء الدين.

43. لوبون، جوستاف. (1947)، حضارة بابل واشور، لطبعة الأولى، القاهرة: مطبعة العصرية، ترجمة: محمود خيرت.

44. الماجدي، خزعل. (1997)، أديان و معتقدات ما قبل التاريخ، الإسكندرية: دار الشروق.

45. الماجدي، خزعل. (1999\1)، الآلهة الكنعانية، الطبعة الأولى، عمان: دار أزمنة للنشر والتوزيع.

46. الماجدي، خزعل. (1999\2)، الدين المصري، الطبعة الأولى، عمان: دار الشروق.

47. الماجدي، خزعل. (2001)، المعتقدات الكنعانية، عمان.

48. الملاح، هاشم يحيى وآخرون. (1988)، المفصل في فلسفة التاريخ دراسة تحليلية في فلسفة التاريخ التأملية والنقدية : الموصل.

49. مهران، محمد بيومي. (1979)، دراسات في تاريخ الشرق الأدنى القديم اخناتون عصره و دعوته، الاسكندرية.

50. مهران، محمد بيومي. (1994)، المدن الفينيقية (تاريخ لبنان القديم)، بيروت: دار النهضة العربية.

51. موسى، مريم عمران. (1996)، الفكر الديني عند السومريين في ضوء المصادر المسمارية، أطروحة دكتوراه غير منشورة، بغداد: كلية الآداب.

52. ميشائيل، لينا ولسن. (2012)، الالهة إنانا/عشتار في الموروث الحضاري لبلاد الرافدين، اربيل: جامعة صلاح الدين.

53. نصار، عصمت. (2005)، مقارنة الأديان، القاهرة: دار الهداية للطبعة والنشر والتوزيع.

54. نيهاردت، أ.أ . (1994)، الآلهة والأبطال في اليونان القديمة، الطبعة الأولى، دمشق: الأهالي للطباعة والنشر والتوزيع، ترجمة: هاشم حمادي.

55. الهاشمي، طه. (1963)، تاريخ الأديان وفلسفتها، بيروت: دار مكتبة الحياة.

دووەم: بە زمانی بیانی (ئەڵمانی)

56. Lenzen, H., (1956). “ Bit Akitu” , Uruk Volaufige Berichte (Berlin): No.12.

57. Oelsner, J. , (1986). Materialien zur babylonischen Gesellschaft und Kultur in hellenistischer Zeit , Budapest.



DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019

# ملخص البحث

ىُسلط هذا البحث المعنون بـ (نماذج المعبودات في العقائد الدينية للعراقيين القدماء ونظرائرها في العالم المحيط)، على مجموعة من الظواهر الطبيعية المؤثرة على حياة الناس في العراق القديم و عالمها المجاور التي أصبحت مقدسة وتحولوا إلى آلهة . وقد حاول البحث تناول طبيعة وخصائص و ومهام تلك المعبودات مع أوجه التشابه فيما بينها، يتألف البحث بالإضافة إلى المقدمة والملخص باللغة العربية والانجليزية من توطئة وست محاور، و ختمت بعرض أهم الإستنتاجات التي وصل اليه البحث.



# Abstract

This study entitled " Example of idols in religious belief among ancient Iraqis and their counterparts in the surrounding world", highlights on some natural phenomena affecting the population of ancient Iraq and other areas, which became sacred and goddess later.

The study also attempted to address the natural phenomena and the nature, characteristics and functions of these idols, in addition to focusing on other things related to these idols. In addition to six axes in addition to the findings of the study.




DOI:https://doi.org/10.26750/Vol(6).no(2).paper 29 http://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR Vol.6. No.2, September.2019